گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ڕۆڵی مەلاژن لە ڕێورەسمی پرسەدا

## توێژینەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆژییە لە سەنتەری شاری هەولێر

**م.ی. شەرمین ولی علی**
بەشی کاری کۆمەڵایەتی، کۆلێژەی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر،هەرێمی کوردستان، عیراق
sharmen.ali@su.edu.krd

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢٢/١١/١
پەسەندکردن: ٢٠٢٣/١/٨
بڵاو کردنەوە: هاوینی ٢٠٢٣

**ووشە سەرەکییەکان:**
Mullah, Ritual, Funeral, Role of Melajin, Funeral in Erbil

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.8.3.6

**پوختە**

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە ڕۆڵی مەلاژن لە ڕێورەسمی پرسەدا لە شاری هەولێر بخرێتە ڕوو لە  بواری کۆمەڵایەتی، دەروونی، ئایینی و ئابووریدا. گرنگیی توێژینەوەکە بە هەند وەرگرتنی ئەم ڕێورەسمەیە لەلایەن کۆمەڵگای کوردی بە گشتی و شاری هەولێر بە تایبەتی وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و کولتووری، هەروەها خستنەڕووی ڕەوش و ڕۆڵی ئەرێنی و نەرێنیی مەلاژن و پێویستیی ئامادەبوونێتی لە پرسەدا، لەگەڵ کاریگەرییەکەی لەم یۆرەسمەدا.

گرفتی توێژینەوەکە، پرسەی ژنان یەکێکە لەو ڕێورەسمانەی لە کۆمەڵگای کوردیدا جێی بایەخە؛ جیاوازی لە شێوازی پرسەداناندا کاریگەریی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی لەسەر بەشداربووان و خاوەن پرسەکەش هەیە. کەم پرسەی ژنان هەیە، مەلاژن وەک کاراکتەرێک ڕۆڵێکی کاریگەری تێدا نەبینێت، ئەگەرچی پەتای کۆرۆنا تا ڕاددەیەکی زۆر ڕێورەسمی پرسەدانانی بەرەو کەمبوونەوە و کاڵبوونەوە بردووە.

ئامانجی توێژینەوەکە زانینی کەسایەتیی مەلاژن و پێویستیی ئامادەبوون و کاریگەری و ئەرکیتی لە پرسەدا، دیاریکردنی ئەو خستنەسەرەیە کە مەلاژن لە پرسەی ژناندا هەیەتی.

میتۆدی توێژینەوەکە، میتۆدی ئێتنۆگرافییە و ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری بریتین لە تێبینیکردن و تێبینیکردن بە بەشداریکردن و چاوپێکەوتن. کۆمەڵگای توێژینەوەکە بریتییە لە مەلاژن لە سەنتەری شاری

هەولێر، نموونەکەش مەبەستدارە، کە مەلاژن و کۆمەڵێک بەشداربووی پرسەی ژنانن، لەگەڵ چەندین پسپۆڕی بواری جیاجیا.

ئەنجامەکانی توێژینەوە، لە کۆندا سەردولکەبێژ هەبووە کاری لاواندنەوەی کردووە، بەڵام ئێستا مەلاژن  پرسە بەڕێوە دەبات، مەلاژن خاوەن پێگە و ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتییە. بەهۆی قورئان خوێندنیەوە لە پرسەدا ئەو خواردن و خواردنەوانەی بۆی دادەنرێن لای بەشێک لە بەشداربووانی پرسە بە پیرۆز سەیردەکرێن. بوونی مەلاژن لە پرسەدا وەک پیشەیەک وایە و لەو ڕێیەوە پێداویستییە مادییەکانیان بەدەستدەهێنن. لە ڕووی دەروونییەوە مەلاژنەکان و پسپۆڕەکان  پێچەوانەی یەکتر دەڕوانە پێویستیی  مەلاژن لە پرسەدا، لە ڕووی ئایینیشەوە سەرباری قورئان خوێندن و فەرموودەکان، بەڵام شارەزایانی ئایین پێیان وایە دروست نییە و پێچەوانەی شەریعەتیشە. لە کۆتاییدا، زۆربەی مەلاژنەکان ئەکاونتی تایبەتیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەیە وچالاکییەکانیان بڵاودەکەنەوە.


## پێشەکی

کۆمەڵگای کوردی وەک هەر کۆمەڵگایەکی دیکەی مرۆیی بەردەوام کولتوور و دابونەریت هەژمونی خۆی بەسەر تاکەکانیدا چەسپاندووە، بەجۆرێک زۆر لە تاکەکانی بە شێوەیەکی گرنگ و وەک بەهایەک دەڕواننە ئەم دابو نەریت و ڕێوڕەسمانەی کە لە کۆندا ماوەتەوە و پارێزگارییان لێدەکەن، ئەم بەهاو نەریتانە لەگەڵ مانەوەیاندا بەردەوام لە گۆڕانکاریدان و شێوازی گۆڕانکارییەکان زۆرجار لەدەرەوەی ویست و ئیرادەی خەڵک خۆی دەسەپێنێت، بەم شێوەیە هەمووان پابەند دەبن پێی، پرسەی ژنان یەکێکە لەو ڕێورەسمە ئایینیی بە کۆمەڵایەتی رووپۆشکراوەی کە لەکۆنەوە وەکو نەریت هەبووە و ئێستاش هەیە، بەڵام ئەوەی ئێستا جیادەکاتەوە لە کۆن، بەڕێوەچوونی شێوازی پرسەدانانە لە باشووری کوردستان و بە تایبەت لە شاری هەولێردا، بۆ ئەم مەبەستە دەبینین کە گۆڕانکارییەکی زۆر بەرچاو و زەق دەبینرێ لە سروت و رێورەسمی پرسەی ژنان کە تیایدا مەلاژن ڕۆڵ و کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لە پرسەی ژنان و بڵاوبوونەو و دیدگای مەلاژن لە نێو کۆمەڵگادا، ئەم کاریگەرییەی مەلاژن هەیەتی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەری دروست دەکات لەسەر ژنان و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەشداربووانی پرسە و خاوەن پرسەکان، کە ڕەنگە بەشێک لەو کاریگەرییە گەورەیە لایەنی ئەرێنی هەبێت و بەشێکی زۆریش کاریگەری نەرێنی دروست بکات لەکۆمەڵگادا.

ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا جەختی لێوەدەکرێ ڕۆڵی کارەکتەری مەلاژنە لە ڕێوڕەسمی پرسەی ژنان و ئەو خستنەسەرەی کە مەلاژن دروستیدەکات لە بەرامبەر وەرگرتنی پارە، ناوبانگ و پێگەی دیار لە ناو کۆمەڵگادا. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە ڕۆڵی مەلاژن لە سەرجەم بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئایینی و دەروونیدا بخرێتەروو، کە تاچ ئەندازەیەک ڕۆڵەکەی لە پێناو بەرژەوەندی گشتی و دڵنەوایی و ئارامکردنەوەی پرسەی ژنانە.

## یەکەم: گرنگی توێژینەوەکە:

١.بەهۆی بوونی پرسە وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و کولتووری لە دێرزەمانەوە، بە هەند وەرگرتنی ئەم ڕێوڕەسمە لەلایەن کۆمەڵگای کوردی بە گشتی و دانیشتوانی شاری هەولێر بە تایبەتی، هەروەها جیاوازی لە شێوە و شێوازی بەڕێوەچوونی پرسە بەهۆی گۆڕانکاری و کاریگەرییە یەک لە دوای یەکەکانی وەک کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و پێشکەوتنی تەکنەلۆژی و فەرهەنگییەی کە لە بوارە جیاجیاکاندا هەیە، بە هەمان شێوەش بەسەر پرۆسە و ڕێوڕەسمی پرسە داهاتووە، ئەمە وای کردووە، بەردەوام ببێتە بابەتی پرس و توێژینەوەی ئەنترۆپۆلۆژی.

٢. خستنەڕووی ڕەوش و ڕۆڵە ئەرێنی و نەرێنییەکانی مەلاژن و پێویستی بوونی مەلاژن لە پرسە و ئەو کاریگەرییەی کە مەلاژن هەیەتی لە میانەی ڕێوڕەسمی پرسەدا.

### دووەم: ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانجە سەرەکییەکانی ئەم توێژینەوەیە خۆی دەبینێتەوە لە:

١. وەسفکردنی کاراکتەری مەلاژن و پێویستی بوونی مەلاژن

٢. خستنەڕووی کاریگەری و ئەرکی مەلاژن لە پرسەدا

٣. تیشکخستنە سەر واتا و ئاماژەکانی بوونی مەلاژن لە پرسەدا.

٤. ڕوونکردنەوەی ئەو لایەنانەی ژیانی کۆمەڵایەتی کە ئامادەیی مەلاژن لە پرسەدا دەکات بە دیاردیەکی پێویست.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## سێیەم: گرفتی توێژینەوە:

پرسە بریتییە لە نەریتێکی کۆمەڵایەتیی ئایینی، کە خۆی لە هاوخەمی و دڵنەوایی دانەوەی خاوەن مردوودا دەبینێتەوە. لەهەر کۆمەڵگایەک بە جۆرێک پرسە دەگێڕدرێت، بەڵام شێوازەکەی لە چۆنییەتی ڕێورەسم و سروتی پرسەکەدا دەبینێتەوە، بە شێوەیەک کە ڕەنگدانەوەی کولتووری کۆمەڵگاکە و خاوەن مردووەکەی تیادا بەرجەستە دەبێ.

لە کۆمەڵگای کوردیدا هەر لە کۆنەوە پرسەگێڕان هەبووە، بەڵام قۆناغ بە قۆناغ گۆڕانی بەسەرداهاتووە، پرسەی ژنانیش یەکێکە لەو ڕێوڕەسم و نەریتانەی کە لە کۆمەڵگای کوردیدا زۆر بایەخی پێدەدرێ؛ ئەم جیاوازییە لە شێوازی پرسەداناندا کاریگەری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی لەسەر بەشداربووان و خاوەن مردووەکەش هەیە.

ئێستا کەم پرسەی ژنان هەیە، مەلاژن وەک کاراکتەرێک ڕۆڵی خۆی تیادا بەرجەستە نەکات، جا ئەم ڕۆڵە چ ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتی، دەروونی، ئایینی یان ئابووری بێ، ئەگەرچی پەتای کۆڕۆنا تا ڕاددەیەکی زۆر ڕێوڕەسمی پرسەدانانی بەرەو کەمبوونەوە و کاڵبوونەوە برد، سەرباری بڕیاری قەدەغەکردنی مەلاژن لە پرسەدا لەلایەن وەزارەتی ئاوقافی هەرێمی کوردستان، بەڵام تا ئێستاش بوونی مەلاژن لە پرسەی ژناندا ڕۆڵێکی کارا و چالاکە کە لە شاری هەولێردا بەدەگمەن پرسەیەکی ئافرەتان دەبینیت مەلاژن ئامادەیەکی تەواوی نەبێت تیایاندا[1].

[1] دوای ئەوەی لە مانگی (٣) ساڵی ٢٠٢٠ بە هۆی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆڕۆنا بڕیاردرا پرسە رابگیرێ، لە ٢٠٢٢/١/٢٥ دووبارە وەزارەتی ئاوقاف و کاروباری ئایینی هەرێمی کوردستان بڕیاری دووبارە دانانەوەی پرسەی دەرکرد بە چەندین مەرج، لەوانە پرسە تەنها لە (یەک) ڕۆژ دەبێت تەنها لە دوای نوێژی نیوەڕۆ دەستپێدەکات، هەروەها ئاماژەکراوە بەوەی کە هەم دەبێ پرسە لە هۆڵی بۆنەی ئایینی مزگەوتەکان بەڕێوەبچێ، هەمیش بوونی مەلاژنی قورئانخوێنی قەدەغەکرد لە پرسەی ژناندا بەوەی کە لەڕووی ئایینی و یاساییدا دروست نییە، پێویستە بۆ پرسەی ژنانیش هەر بڵندگۆکەی لای پرسەی پیاوان بەکاربێت و بڵندگۆکە دەگواسترێتەوە بۆ پرسەی ژنانیش.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## چوارەم: ناساندنی چەمکەکانی توێژینەوەکە:

### ١.پرسە:

پرسە وەک بۆنەیەکی سەرەکی تایبەت وایە کە خەڵکی سەرەخۆشیی لەکەس و کاری مردووەکە دەکەن، ئەم پرسەیە سیستمێکی ووردی هەیە و ماڵی مردووەکە و سەرەخۆشیکاران پابەندن پێوەی، ئینجا، دەرچوون لەم سیستمە وەک لادان و سەرپێچیکردنی بەهاکانی گروپ وایە (الصفر و العقيبة ، ٧٦٢، ٢٠٠٧)

لێرەدا پرسە وەک بەهاییەکی کۆمەڵایەتی بەرز دەنرخێندرێت و تاکەکانی کۆمەڵگا وەک یەکێک لە بەها هەرە پێویست و جوانەکان سەیردەکەن، کە خۆی لە دڵنەوایی و سەرەخۆشی خاوەن مردوودا دەبینێتەوە بە مەبەستی کەمکردنەوەی خەمی لەدەستدان و بەخشینی ئارامی بە خاوەن پرسەکە. بێگومان پرسە لە کۆمەڵگای کوردەواریدا بە شێوەی جیاواز ئەنجامدەدرێت، بەوەی کە پرسەی ژنان لەگەڵ پیاوان جیاوازە و شێوازی بەڕێوچوونی پرسەکەش جیاوازە، بە جۆرێک کە لە پرسەی ژناندا کەسێک لەژێر ناوی مامۆستا یا (مەلاژن) ئامادەیی هەیە، تیایدا قورئان دەخوێنێ، ئەمە بۆ خۆی بابەتێکی کۆمەڵایەتی تێکەڵ بە ئایینە.

### ٢. مەلاژن:

لە کۆندا **مەلاژن** ئەو ئافرەتە یا ژنە بووە کە خۆی **(ژنی مەلا)**بووە (هەژار، ١٣٩١، ل٨٣٢) و پێگەیەکی تایبەتی هەبووە بەوەی کە ژنی پیاوێکی شارەزا و خوێنەواری ئایینی بووە، بەڵام ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا باسی لێوەدەکەین **(مەلاژن):** ئەم ئافرەتەیە کە لەمیانەی بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی پرسەی ژنانی موسڵماندا قورئان دەخوێنێ و دەف لێدەدات و فاتیحا دەخوێنێ هەروەها سروودی ئایینی دەڵێتەوە، کە لەناو پرسەی ژناندا شوێنێکی تایبەتی بۆ دانراوە و جیاکراوەتەوە لە بەشداربووانی پرسەکە و خاوەن مردووەکەش.

زۆرجار لەناو خەڵک بە تایبەت لە ناو ئافرەتاندا بە (مەلا، مامۆستا. مەلاژن)یش ناویان دێت، بەجۆرێک کە بەشێک لەو مەلاژنانە، خۆیان بە ناوی (مەلا فلان) یان (مامۆستا فلان) بانگ دەکەن. بەڵام خەڵکی زیاتر بە (مەلاژن)ناوزەدیان دەکەن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێشتر مەلاژن نەبووە لە پرسەکاندا کە قورئان بخوێنێ و دەفیش بژەنێ، بەڵکو (سەردولکەبێژ) هەبووە، کە کاری لاوانەوە و پێدا هەڵگوتن بووە بە مردووەکە، کە جاری وابووە ئەم سەردولکەبێژە ڕەنگە کەسی نزیکی مردووەکەش نەبووبێ، بەڵام توانای دەربڕین و لاوانەوەی هەبووە و بانگکراوە تا کەشی نێو پرسەکە گەرمتر بکات، کەئەمەش لە کولتووری کۆنی کوردواریدا تەنیا لە نێو پرسەی ژناندا بەدیکراوە.

### ٣. ڕێورەسم:

ڕێورەسمەکان، یان کردارە ڕێورەسمییەکان، هەموویان سروتی ئایینی نین بۆ نموونە ڕێورەسمەکانی دەرچوونی کۆلێژ...تد، بەڵکو ئەوانەی کە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە چالاکی ئایینیدا. ڕێورەسمی ئایینی ئامرازە لەڕێگەیەوە مرۆڤەکان پەیوەندییان بە شتە سەروو سروشتیەکانەوە هەیە؛ ئەوە ئایینە لە کرداردا. ڕێورەسم خزمەت بە ڕزگارکردنی گرژییە کۆمەڵایەتییەکان و بەهێزکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی گروپێک دەکات .زیاتر لەمەش، ئامرازێک بۆ نیشاندانی زۆرێک لە ڕووداوە گرنگەکان و کەمکردنەوەی تێکچوونی کۆمەڵایەتی و ئازاری ئەوانەی تاکانەی لە تەنگەژەدان، وەک مردن، دابین دەکات(HAVILAND, Walrath and Mcmride, 2008.p563) .

## پێنجەم: توێژینەوەی پێشوو

یەکەم (جبار ٢٠١٦) بە ناونیشانی (پرسەی ژنان- توێژینەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆژییە لە شاری هەولێر) ئامانجی توێژینەوەکە هەوڵدانە بۆ وەسفکردن و لێکدانەوەی دابونەریتەکانی پەیوەست بە پرسەی ژنان هەروەها دەرخستنی کاریگەریی گۆڕانی(کۆمەڵایەتی، ئابووری و کولتووری) لەسەر دەرکەوتنی شێوازی نوێ و نەریتی نوێی پەیوەست بە پرسەی ژنانەوە.

هەروەها جەختکراوەتە سەر چۆنیەتی بەڕێوەبردنی پرسەی ژنان و ئەرکی کۆمەڵایەتی و گۆڕانی نەریت و شیوەنگێڕان و یادکردنەوەی مردوو، شێوازی نوێی پرسە کە لە کۆندا چۆن بووە و چ گۆڕانێکی هەیە لەگەڵ ئێستادا.

لەم توێژینەوەیەدا دووجۆر میتۆد بەکارهاتووە کە بریتین لە میتۆدی ئێتنۆگرافیا بۆ تێگەیشتنێکی قووڵ لەم نەریتە و میتۆدی بەراوردکاری بۆ دەرخستنی جیاوازی پرسە لە کۆن و ئێستادا

هەریەک لە ئامرازەکانی چاوپێکەوتن و تێبینیکردن و تێبینیکردن بە بەشداریکردن بەکاهاتووە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە ئەنجامدا توێژینەوەکە گەیشتووە بەوەی کە سەرباری گۆڕان لە شێوازی نەریتەکە و ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگاکە و ئەرکە کۆمەڵایەتییەی، بەڵام ئێستاش هەندێ لایەن هەن هێشتا وەک جاران ڕێورەسمەکە بەڕێوەدەچێت وەک ئافرەتان لە دوای مردنی مێردەکانیان پێویستە زۆرتر لە ماڵەوە بمێننەوە و گرنگی بە خۆیان نەدەن و وەک لە ئیسلامدا هاتووە تاوەک و (٤)مانگ و (١٠) ڕۆژ ژنان ناتوانن هاوسەرگیری بکەنەوە.

## شەشەم: میتۆدەکانی توێژینەوەکە:

### ١.میتۆدی ئێتنۆگرافی:

توێژینەوەی ئێتنۆگرافی بریتییە لە توێژینەوەی رووپێوی، یان گەڕان بە دوای تێروانینەکانی خەڵک بەرامبەر بەو شتانەی کە ڕوودەدەن، ئەم توێژینەوەیانە بە زۆری لەسەر ئەو بوارانەن کە کەمێک لە بارەیانەوە دەزانرێت یان پێشتر لێکۆڵینەوەیان تێدا نەکراوە.

توێژینەوەی ئێتنۆگرافی شیکاری کارلێکی ژیانی کۆمەڵایەتی دەکات، بیرکردنەوەی ستاندارد لە کۆکردنەوەی زانیاری و بیرکردنەوەی بنیاتنەر (الاستدلالي- constructive) بیرکردنەوەی خوێندنەوەیی (استقرائية-inductive )، پراکتیزە دەکات.

توێژەری ئێتنۆگرافی لە ڕێگەی چاودێری (تێبینیکردن) و چاوپێکەوتنەوە دەگاتە ئەنجامەکانی کە بەدوای ڕەوش یان ڕاستیدا دەگەڕێت، چونکە هەر کۆمەڵێک راستی ئەبستراکت  یان بابەتی نییە کە توێژەر بە دوای دۆزینەوەدا دەگەڕێت، بەڵکو پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتییە و جوڵەیەکی کارلێککردنە لە نێوان کۆمەڵێک فاکتەری مرۆیی کە کاریگەری لەسەر دیاردەی  لێتوێژراو  هەیە(عبيدات ، ابو السميد ، ٢٠٠٢ص٢٠٤).

### ٢.ئامرازی تێبینیکردن:

تێبینیکردن یان چاودێریکردن، یەکێکە لە گرنگترین شێوازەکانی توێژینەوە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان و لە هەمانکاتدا یەکێکە لە هەمەچەشنترین شێوازەکان. یان ستراتیژییەکانی توێژینەوە (توێژینەوەی کەیس، ئێتنۆگرافی و هتد)(Bostrom and Ohlander, 2018,p33)

توێژینەوەی تێبینیکردن "سەرکەوتووە" تا ئەو ڕادەیەی کە ئامانجەکانی توێژینەوەکە بە گرتنی ڕووداو و بەشداربووانی پەیوەندیدار لەگەڵ بنیاتەکانی سەرنجراکێشدا جێبەجێ دەکات.

لێرەدا توێژەر بە ئەندازەیەکی زۆر پشتیبەستووە بەم میتۆدە و وەک ڕێبازێکی سەرەکی توێژینەوەکە دەیناسێنێ و ماوەیەکی زۆر لە پرسەکاندا بەشداربووە و لە نزیکەوە تێبینی ڕەفتار و جوڵە و بیرکردنەوە و شێوازی بەڕێوەچوونی پرسەی ژنان و ڕەفتار و گوفتار و کردەوەی مەلاژنی کردۆتە ڕێگایەک بۆ وەرگرتنی زۆرترین زانیاری و هەوڵیداوە خۆی لەگەڵیاندا لەنزیکەوە لە هەڵسوکەوت و ئەو ئامرازانە تێبگات کە ئەم ڕێگایانە کامانەن کە مەلاژن لە میانەی بەڕێوەچوونی پرۆسەکە بەکاریان دەهێنێ بۆ نمایشکردن و بەڕێوەچوون و ئیدارەدانی پرسەکە، هەروەها ڕەنگادانەوەی خاوەن پرسە و بەشدارانی پرسەکە، لە میانەی بەڕێوەچوونیدا.

## حەوتەم: کۆمەڵگا و نموونەی توێژینەوە:

### ١.کۆمەڵگای توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە کە بریتییە لە: ڕۆڵی مەلاژن لە ڕێوڕەسمی پرسەدا- توێژینەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆژییە لە شاری هەولێر، کۆمەڵگای توێژینەوەکە بریتییە لە مەلاژن، ئەو کەسانەی لە نزیکەوە بەشداری پرسەی ژنانیان کردووە کە مەلاژن لە پرسەکەدا ئامادەگی هەبووە لە کات و شوێنی جیاواز لە شاری هەولێردا.

### ٢.نموونەی توێژینەوە:

لەم توێژینەوەیەدا پشتبەستراوە بە نموونەی مەبەستدار لە مەلاژن، کە خۆی ئەزموونی هەیە و بەردەوامە لەم بوارەدا، سەر بە کۆمەڵەی قورئان خوێنانی وەزارەتی ئاوقافی هەرێمی کوردستانە هەشیانە ئەندام نییە لە کۆمەڵەکە، بەشداربووانی پرسەی ژنان کەسانی خاوەن بڕوانامەی جیاواز و تەمەنی جیاوازی لە خۆگرتووە لێرەدا ئەو کەسانە وەرگیراون کە بەشداربووی پرسەی ژنانن کە خۆیان ئافرەتن و چوونەتە ئەم جۆرە پرسانەی کە مەلاژن تیایدا ڕۆڵی هەبووە، ئەمانە هەموویان موسڵمانن، چونکە توێژینەوەکەی ئێمە بریتییە لە پرسەی ژنان لە لای موسڵمانانی شاری هەولێر، لەگەڵ بەڕێوەبەری کۆمەڵەی قورئان خوێنان لە وەزارەتی ئاوقاف و پسپۆڕانی بواری ئەنترۆپۆلۆژی،

دەروونناسی و بواری شەریعە دەگرێتەوە، کە هەریەکەیان تێڕوانین و تێگەیشتن و ئاماژەی جیاواز لەخۆدەگرن سەبارەت بە ڕۆڵی مەلاژن لە پرسەدا.

**٣.بوارەکانی توێژینەوە:**

١.بواری مرۆیی: ئەو مەلاژنانە وەرگیراون کە دانیشتووی شاری هەولێرن، هەروەها کۆمەڵێک ئافرەت کە لە کۆن و نوێ بەشداری پرسەیان کردووە کە مەلاژن هەبووە لە پرسەکە، سەرباری کۆەڵێک پسپۆڕی بواری ئەنترۆپۆلۆژی و دەروونی و شەریعە.

بواری شوێن: سنووری جوگرافی توێژینەوەکە بریتییە لە شاری هەولێر

بواری کاتی: مەبەست لەو کاتەیە کە بۆ لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە تەرخانکراوە، کە ماوەی (٢٠٢٢/١/٢ - ٢٠٢٢/٩/١) بۆ کۆکردنەوەی زانیاری خایاندووە.

## هەشتەم: ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری:

**١.چاوپێکەوتن(Interview -المقابلات) :** لەم توێژینەوەیەدا پشتمان بەستووە بە چاوپێکەوتن

١-١ ئەو تاکانەی بۆ چاوپێکەوتن دەستنیشانکراون جیاوازن لە یەکدی، چ لە ڕووی ئەزموونی کارکردن وەک مەلاژن و ئەوانەی کە لە پرسەکاندا تەنها بەشداربوون یان ئەوانەی کە شارەزا و پسپۆڕبوون لە بوارە جیاجیاکانی وەک (ئەنترۆپۆلۆژی و شەریعەتناسی و دەروونناسیدا)، کە هەریەکەیان دید و بۆچوون و ڕای جیاوازیان هەبوو سەبارەت بە پرسی مەلاژن و ڕۆڵ و کەریگەری مەلاژن لە کۆمەڵگادا.

٢-١ چاوپێکەوتنەکان لە شوێنی جیاجیا ئەنجامدراون کە لە ماڵ و شوێنی کار و زانکۆ و تەنانەت لە کافتریا کراوە، بە جۆرێک بووە، لەهەر شوێنێک کە نموونەی توێژینەوەکە بە باشی زانیووە لە پێناو دروستکردنی کەشێکی گونجاو و تایبەت کە نموونەی توێژینەوەکە بتوانن بە ئاسانی و دروستی بە بێ هیچ فشار و کاریگەرییەکی دەرەکی کە توێژەر بتوانێ بە سەرنج و پرسیار و تێبینی وردی خۆی زۆرترین زانیاری کۆبکاتەوە.

٣-١سەرجەم چاوپێکەوتنەکان بە شێوەی ریکۆردکراو ئەنجامدراون، کە دواتر توێژەر یاداشتی کردوون. لێرەدا چاوپێکەوتنی تاکەکەسی ئەنجامدراوە، کە ئەویش بەنرخە بۆ پێشکەشکردنی زانیاری ورد سەبارەت بە مانای ڕووداوێک، دۆخێک یان زەمینەی کۆمەڵایەتی بۆ هەر بەشداربوویەک لە شوێنێکدا .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەوان لە شوێنێکدا گونجاو دەبن کە ڕەنگە چاوەڕوان بین چەندین چیرۆکی جیاواز سەبارەت بە شوێنێک یان زەمینەیەک بگێڕدرێنەوە، لەو شوێنانەی کە ئێمە ئارەزووی فێربوونمان هەیە دەربارەی ئەم جۆرە.

هەروەها گونجاون لەو شوێنانەی کە بابەتەکە هەستیار بێت، کە ڕەنگە وەڵامدەرەوەیەک ئامادە نەبێت لە پێش چاوی کەسانی دیکەدا باس لە هەندێک لایەنی ئەزموونەکەی بکات، یان لەو شوێنانەی کە ئەگەری ئەوە هەیە کە چیرۆکەکە کە دەگێڕدرێتەوە چیرۆکی بەشداربووانی دیکە ناشیرین بکات، بۆیە پێویستت پێیەتی بۆ دڵنیابوون لەوەی چاوپێکەوتنەکان بە شێوەیەکی تایبەت ئەنجام دەدرێن. ئەگەر داتاکانی چاوپێکەوتنەکە بخرێتە ژێر شیکاری ئامارییەوە، پێویستە چاوپێکەوتنی تاکەکەسی ئەنجام بدرێت، بۆ دڵنیابوون لە سەربەخۆیی وەڵامدەرەوەکان.

**٢. تێبینیکردنکردن بە بەشداریکردن:**

لەم توێژینەوەیەدا تێبینی وەک میتۆد و ئامرازێکی سەرەکی دانراوە، تێبینیکردن بە بەشدارییەکی تەواو بەکارهاتووە کە ئەمیش هەوڵدەدات تێکەڵ بە توێژینەوەکراوەکان بێت بۆ گونجاوی شێوازی ژیان و داب و نەریت، لێرەدا توێژەر هەوڵدەدات بەرەو "نقومبوون" لە کولتوورێکی دیاریکراودا، باشترە بۆ ماوەیەکی درێژتر، بۆ ئەوەی تێگەیشتنێکی ناوخۆیی لەم کولتوورە بەدەست بهێنرێت یان وەک ئەندامێکی (پەراوێز) یان وەک سەردانکەرێک.، تارادەی شێوازی هەستکردنیان بە واقیع.

## نۆیەم: خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیارییەکانی تایبەت بە ڕۆڵی مەلاژن لە ڕێوڕەسمی پرسەدا لە شاری هەولێر:

**لێرەدا هەوڵدەدرێت زانیاریەکانی توێژینەوەکە بخرێتەڕوو لە چوارچێوەی چەند تەوەرێکی دیاریکراودا:**

**١.ڕۆڵی مەلاژن لە بواری کۆمەڵایەتیدا:**

**١-١ مێژووی بوونی مەلاژن و شێوازی بەڕێوەچوونی پرسەی ژنان:**

بەگوێرەی تێبینی و تێبینیکردنی بەبەشداریکردنی توێژەر، پرسەگێڕانی ژنان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە و لە پرسەیەکەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاوازبووە،

لە کۆندا لە نێوان ساڵانی (٦٠) و (٧٠) و (٨٠) کانی سەدەی رابردوودا ماوەی پرسە بە گشتی، (٧) ڕۆژی خایاندووە و دواتر بووە بە (٥) ڕۆژ و لەم چەند ساڵانی دوایی بوو بە (٣) ڕۆژ، لەگەڵ هاتنی پەتای کۆرۆنا بەتەواوی هەردوو پرسەی پیاوان و ئافرەتان قەدەغەکرا، دوای دووبارە دانانەوەی پرسە لەلایەن وەزارەتی ئاوقافی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە لە سێ ڕۆژ بووە (١) یەک ڕۆژ.

هەروەها لەبەشێک لە شارەکانی کوردستان مەلاژن نییە لە پرسەی ژناندا وەک: (دهۆک)، هەروەها لە سلێمانی کەمترە، بەڵام لە هەولێر بە دەگمەن پرسەیەک هەیە تیایدا مەلاژن ئامادەییەکی کارا نەبێ، لەگەڵ ئەوەشدا لە کۆندا وەک مەلاژنێکی تەمەن (٦٧)ساڵ ئاماژەی پێدەکات کە لە (٧٠)کانی سەدەی رابردوودا لە هەولێر مەلاژن نەبووە، بەڵام "**یەکێک هەبووکە خاوەن تازیە نەبوو، بەلکو سەردولکە(لاوانەوە)ی دەگووت، پێیان دەگووت (سەردولکەبێژ)، تەنیا کاریان سەردولکە بوو بەسەر مردیەکەیان دەگووت من بیرمە کە باوکم مرد دایکم پارەی دەخستە ناو پەڕۆیەکی لەبن دۆشەکەکەی یان بن چۆکی سەردولکەبێژەکەی دادەنا، ئینجا ئەویش دەیزانی کە دەبوایە بەسەر مردییەکی ئەویش داهەڵبلێ، بە پێوە لە خۆیان دەداو شینیان دەکرد**"

وەک پسپۆڕێکی بواری ئەنترۆپۆلۆژی ئاماژەی پێدەکات "بە **پێی ئەوەی کە خێزان و خوشک و ناسیاوکانمان دەچنە تازیە و دێنەوە باسی دەکەن و لەدەرەوەی پرسەکانیش گوێبیست دەبین، لە دوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ و گۆڕانی دیمۆگرافیای کوردستانەوە هەست بە بوونی دیاردەی مەلاژن دەکرێت و هەوڵی رێکخستنی ژنان دەدەن لە تازیەدا، گەر بەراوردێک بکەین وەک جاران نییە پرسەی ژنان تەنها گریان و لەخۆدان و جۆرێک لە قسە ودەنگە دەنگ هەبوو قورئان خوێندن و فاتیحا نەبوو، بەڵام ئێستا دیاردەی نوێ پەیدا بووە کەسێک قورئان دەخوێنێ و هەموو ئافرەتان رێکدەخا**"

لەگەڵ ئەوەشدا پسپۆڕێکی بواری دەروونی کە خۆشی ئافرەتە باس لەوە دەکات "**بەڵێ لەکۆندا کەسێک هەبوو بە ناوی سەردولکەبێژ، کە سەردولکەی دەگوت و ئەوانیدیکەی بە گریان دەهێنا و زیاتر هانی دەدان کە بگرێن و حوزن و خەفتەکانی خۆیان هەڵرژن، هەتا لە خۆشیان دەدا، بەڵام لەگەڵ ئایین وردە وردە نەما و تەنها گریان هەیە، ئێستا** بە **کەمی لەخۆدان هەیە**"

لە سروتی پرسەی ژناندا کۆمەڵێک رێکاری هەن کە پێویستە هەبێت تاوەکو مەلاژن بتوانێ کارەکانی خۆی پێ ڕایی بکات وەک: بوونی (لاقیتە، سپیکەر، دەف، دەفتەر) هەروەها دانانی شوێنێکی دیارو تایبەت بۆ مەلاژن کە بتوانی کۆنتڕۆڵی پرسەکە بکات و هەمووانیش ببیبینن و ببیبیستن، لەگەڵ بوونی

مێزێک لەبەردەم مەلاژن، کە چەندین کەرەستە و پێویستی لەسەرە بە گوێرەی حەز و ئارەزوو و بیروڕای خاوەن پرسە و مەلاژن کە بریتین لە (**کلینیکس، ئاو، خوێ، حەلْوا، خورما، شەکر، مۆم، شیرینی، گوڵ، شەربەت، هێلکە، بوخورد و پارە**)، هەریەک لەم خواردن و پێداویستیانەی کە دادەنرێ لەسەر مێزی مەلاژن هەندێ بۆ رازاندنەوەیە و هەندێکی دیکە بەمەبەستی خواردنیان و بە پیرۆزی سەیر دەکرێ لەلایەن ئەو کەسەی کە دایدەنێت، بەمەبەستی گەیشتن بە مرازو شوکردن و ژنهێنان و منداڵبوون و رزق و زیادبوونی پارە و داهات، هەرچەندە بیروڕای جیاواز هەیە سەبارەت بە بوونی ئەم کەرەستانە لەبەردەم مەلاژندا، بۆ نموونە هێلکە یەکێکە لەو خواردنانەی کە لە هەندێ پرسە لەبەردەمی مەلاژن لەناو شەکر دادەنرێت، بەوەی گوایە دەبێتە (**موفەڕک**) بە قورئان خوێندن لەسەری و بەمەش بەشێک لە ژنان خۆیان و هاوسەرەکانیان دەیخۆن تاوەکو ببێتە هۆکارێک بۆ منداڵبوون، مەلاژنێکی تەمەن **(٤٣)ساڵ** ئاماژە بەوەدەکات کە "**ئێمە دەزانین قورئان شیفایە و ئێمەش لەسەرەتاوە قورئان دەخوێنین ئەم شتانە (شیرینی و پاقلاوە و ئاو..) دەبێتە شیفا و دەبێتە تەبەڕوک، هێلکەش لەناو شەکر دادەنرێ و دەبێتە (تەبەڕوک) ئەدی کو مامۆستا بەڕێزەکان یان بابە شێخ جاری وایە لەسەر چوکلێتێکی قورئان دەخوێنن دەبیتە تەبەڕوک، لەسەر ئاوی، قول ئەعوز و یان ئایەتی کورسی یان کۆتایی سورەتی بەقەرە یان یاسین دەبیتە تەبەڕوک و ئاوەکەی دەخواتەوە دەبیتە شیفا**" هەمان مەلاژن باس لەوە دەکا "**هەیە هاتووە لە پرسە دەڵێ دوو هێلکەی لەناو شەکری دادەنێم چونکە منداڵم نییە گوتم ئاساییە ١٥ ساڵ پێش ئێستا گوتی چی لێبکەم گوتم بیخۆ یان بیکوڵێنە بۆ خۆت و پیاوت بیخۆن**" لە بەرامبەر ئەوەدا مەلاژنێکی دیکە ئاماژە بەوە دەکات، کە "**هێلکە زیاتر لای کەرکوکیان باوە و دەیخۆن ، بەڵام ئەمە موعتەقیداتە ئەگەر نا خودا منداڵ دەدا نەک ئەم شتانە**"

پسپۆرەکەی بواری دەروونی سەبارەت بە بوونی خواردن و خواردنەوە لەبەردەم مەلاژن پێیوایە "**ئەوە خورافیاتە، بیرکردنەوەیەکی نا عەقلانییە لە دەروونزانی، ئەو چینە ئەگەر هۆشیاربن ئەو شتانە ناکەن، بەڵام ئەگەر قورئانیش لەسەر شت بخوێنرێ تەنها لەسەر (ئاو)ە ئەمە بە دیراسات سەلمێنراوە کە هەتا شێواز و شکلی ئاوەکەش دەگۆڕێت، لە چارەسەری دەروونیشدا ئەوەمان هەیە، ئێستا بە خۆم قورئان لەسەر ئاو دەخوێنمەوە، کە منداڵەکانم نەخۆش بن دەیاندەمێ، بەڵام ئەوانی دیکە ئەفسانەیە و فێڵ لەو کەسانە دەکرێ کە ناهۆشیارن**"

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەشداربووانی نموونەی توێژینەوەکەش هیچیان باوەڕێکی تەواویان نەبوو بەوەی ئەم خواردنانەی لەبەردەم مەلاژن دادەنرێت ببێتە پیرۆز، بەڵام یەکێکی دیکە لە مەلاژنەکان کە تەمەنی (٣٩) ساڵە باوەڕی وایە **"تەنها ئاو دەبێتە پیرۆز نەک شتەکانی دیکە، ئەمیش پێیوایە بەهۆی خوێندنی قورئان ئاوەکە پاکدەبێتەوە و پیرۆز دەبێ و دەبێتە شیفا".**

سەرباری ئەمانە، بەشێک لە مەلاژنەکان ژنی دیکەشیان لەگەڵدایە کە یاوەریان دەکات لە میانەی بەرێوەچوونی پرۆسەکە وەک: **دەفژەن**، یان بۆ گوتنەوەی سرووودەکان لەگەڵ مەلاژن، هەندێ لە مەلاژنی دیکە **دەروێشیان** لەگەڵدایە لە میانەی سرووتی پرسەکەدا و زیکر دەکەن و یا الله دەڵێن ، کە هەیانە لەناو پرسەکە حاڵ دەیگرێ و دەستوقاچی رەق دەبێ و دەچێتە قۆناغی بێ هۆشی (غیبوبة)، وەک توێژەر خۆی سەرنجی داوە و بەشێک لە بەشداربووانیش شاهێدی بوونی دەروێشی ژنن لە پرسەکاندا، مەلاژنێک لەبارەی ئەمەوە وتی" **من هیچ باوەڕم بە دەروێش نییە لەگەڵ منیش نایەن بۆ پرسە"** بەشێک لەو مەلاژنانە خۆیان مۆڵەتی کردنەوەی تەکیەیان هەیە لەوەزارەتی ئاوقاف و بەشێکیشیان سەر بە تەریقەتێکی ئایینین و لە تەکیەکان وەک **مەلاژنێکیان** ئاماژەی پێدا کە **"من تەکیەم هەیە و خانەقام هەیە مەولود لەوێ دەخوێنمەوە، هەموو جومعان یان سێشەممان، بەڵام من دووشەممان شێخەکەم پێی گۆتیمە تەریقەتم لەسەر لێبدە، شای مەولانی، شێخ ئەحمەدی کاریتانییە، مەلای مشارییە، ماڵی عەبدولکەریمی یان شێخی کەسنەنەزانی"** هەروەها یەکێکی دیکە لە مەلاژنەکان کە (٥٦)ساڵ تەمەنیەتی دەڵێ **"خۆم سەیدی بەرزنجیم هی کاریتانی، ٢٣ ساڵە لە تەکیەم هەموو سێشەممان لەوێین، مەولودمان هەیە وەک هەندێ کەس نینە کە بڵێین فلانە کەس ئەوەندە پارەی بینە"** واتە لەناو تەکیەکانیش پارە لە مورید و ئامادەبووانی وەردەگیرێن.

لە کاتێکدا پسپۆرەکەی بواری دەروونی پێیوایە کە بوونی دەروێش لەناو پرسە **"لە بنەڕەتدا ئەمە ئەفسانەیە و کاریگەری نەرێنی هەیە لەسەر خەڵک".**

**٢-١ مەلاژن و ئەو رێکارییانەی دەیگرێتەبەر لەمیانەی پرۆسەی بەرێوەچوونی پرسەدا:**

مەلاژن لە پرسەدا چەندین چالاکی ئەنجام دەدات، کە چالاکییەکانی بە پێی بارودۆخی مەلاژن و رۆژەکانی پرسەگێران دەگۆڕێت.

مەلاژنەکان زۆربەیان بە جلوبەرگی داپۆشراوی تایبەت کە پێی دەڵێن **(جوبە)** یان **عەبای خەلیجی** بەشداریی ڕێورەسمی پرسە دەکەن، تاک و تەرا چەند مەلاژنێکی کەم نەبێ کە بە جلی کوردییەوە لە پرسەدا بەشداردەبن، بۆ ئەمە سەرۆکی کۆمەڵەی قورئان خوێنانی کوردستان لە وەزارەتی ئاوقاف ئاماژەی پێدەکات، "**ئەمە وایکردووە کە جاری وابووە قورئان خوێنەکان پەیوەندیان پێوەکردووم ئەمشەو بەرنامەم هەیە لە تەلەفزیۆن جلی کوردیم نییە بزانە بۆم پەیدا ناکەی، من شەش، حەوت قاتی جلی کوردیم لەماڵەوە هەیە دەیدەم پێیان**" لەگەڵ ئەوەشدا مەلاژن هەیە باس لەوە دەکات کە هەمیشە جلی کوردیی لەبەردەکات و و شانازی دەکات کە کوردە و هەر بەجلی کوردییەوە دەچێتە پرسەگێران و تەنانەت تەکیەش، لەم بارەیەوە پسپۆڕێکی بواری تەفسیر و قورئان ئاماژە بەوە دەکات کە **" تائێستا شەریعەتی ئیسلام یەک جلی دیاری نەکردووە بۆی بەڵکو بزوتنەوەی سیاسی کردوویەتی بە جبەی یەک ڕەنگ، لە ڕووی کولتوورییەوە ئایینی ئیسلام زۆر دژی ئەوانەیە کولتووری خۆی لەناودەبا، کولتوور لەناوبردن نیشانەی نەبوونی وەفایە بۆ ئایینی ئیسلامیش ، چ لە ڕووی جلو بەرگ چ لە ڕووی ماڵ و کەلوپەل و سیما و دانانی دیزاینی ژوور، عەیبە پیاو و ژنی کورد شتی خۆی بگۆڕێ بۆ خاتری تورکێک یا عەرەبێک یا سعودیەک، ئەوەی عەبای خەلیجیشە هەمووی بازرگانییە هەندێ کەس جۆرە جلێکی لێدێ، هەمان جل بدە کەسێکی دیکە ڕەنگە ئەوەندە جوان نابێ بەڵکو ناشیرینیش بێ، جلی کوردی بابەتەکە پەیوەندی بە کولتوورەوە هەیە مانەوەی کولتووری وڵاتی خۆت بەشێکە لە دین، تەنانەت پێغەمبەر ناوی سەحابەی بە ناوی گەلەکەی ناوبردووە، سوهەیبی ڕۆمی، سەلمانی فارسی، گابانی کوردی..."**

مەلاژنەکان لە میانەی ڕێورەسمەکەدا قورئان دەخوێنن، فاتیحا دەخوێنن و زیکر دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا ، لە دووەم ڕۆژی پرسەکە مەلاژن مەولود دەکات، کە بریتییە: **(١. قورئان خوێندن ٢.فەرموودەکان ٣.بەسەرهاتی پێغەمبەر ٤. سەڵاوات ٥. فاتیحە ٦.سروود ٧. زیکرکردن و دەفژەنین)**، مەلاژنەکان باس لەوە دەکەن کە لە پرسەیەک بۆپرسەیەکی دیکە بابەتەکانیان دەگۆڕن و بە پێی پرسەکە دەیگونجێنن هەمیش بۆ ئەوەی هەموو پرسەگێڕانێک وەک یەک نەبێ. هەروەها سەرجەم مەلاژنەکان جگە لە کتێبی قورئان خۆی، هەریەکەیان **تیانووس(دەفتەر)ێکیان** پێیە و بێ ئەم دەفتەرە بۆ هیچ پرسە و مەولودێک ناڕۆن، کە تیایدا سروودو تەهلیلە و بەسەرهاتی پێغەمبەران و ...تاد تیا

نووسراوە، تاوەکو سروود و بەسەرهاتانەیان بیر بکەویتەوە لە نێو مەراسیمەکەدا، هەروەها بەسەرهاتەکانی پێغەمبەر زۆربەی لە کتێبەکانی رەشاد موفتی وەردەگرن و دەیڵێنەوە[2]

سەبارەت بەو دەفتەرەی سەرجەم مەلاژنەکان هەیانە، یەکێک لە مەلاژنەکان ئاماژەی بەوە دەکرد کە ئەو دەفتەرانەیان هەیە لە پێناو ئەوەی "**زۆرجار لە بیر دەکەین، چونکە نابی لە حیجازی بێیە بەیاتی، یان سێگا دەبی بە ڕێکی بیکەی نابی لە حیجازی یەکسەر بۆ سێگا، یان لە سێگا بۆ بەیات، دەبی یەک یەک و بە دوای یەک بێ، یەکیان تەواوبوو ئینجا ئەویدی، چونکە خەڵک بێزار دەبی، وەک (پیغەمبەر نازدارە، مەولا یا سەڵی لەگەڵ دێ ئەوجا چی لە دوو دێ محمد... دواتر ڕەشاد موفتی دەخینینەوە"**

**نموونەی یەکێک لەو سروودانە:**

تەدارەک خۆش تەدارەک ... یاخوا سەفەرت مبارک
سەفەرت..سەفەری خێربێ ... برژانگی چاوم گێسکی ڕێت بێ
نەکو بەردەک لە بن پێت بێ ... یاخوا سەفەرت مبارەک
هەردەڕۆم هەر دەناڵم ... وەکو کۆتری بێ باڵم
لە دوای ئازیزان عەبداڵم ... یاخوا....
سوتام برژام، بوومە قاوە ... بمخەنە شوشەی گوڵاوە..

**نموونەیەکی دیکە:**

قەبریان لێدا لە مەیدانێ ... کێل و تابوت راکێشرانێ
ئەویش لۆ خاتری عذاب دانێ
ئەی قەبرە چەندە تەنگی ... چەند بێ هاوار و بانگی لەبەر
بەندەی دەبرێ رەنگی
هانام لەبەر پاشای لە ژوور ... دادم لە دەست نەفسی غرور
نەجاتن دەی لە ئاگری سوور

---

[2] رەشاد موفتی یەکەمین زانای ئایینییە لە وتارەکانی رۆژی هەینی بە زمانی کوردی خوێندۆتەوە لە ساڵی ١٩٢٥ لە دایکبووە ، یەکێک بووە لە شاعیەر و نووسەری بواری ئەدەب و هەروەها مەولودنەمری بە زمانی کوردی نووسیوەتەوە، لە ساڵی ١٩٤٤ لەتەمەنی (٣٠)ساڵی بووە بە وانەبێژ و پێشنوێژی و وتاری لە مزگەوتی گەورەی قەلای هەولێر، ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کورد و وێژەی کورد بووە، لە ساڵی١٩٩٢/٩/١٢کۆچی دوایی کردووە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێغەمبەرێ ئەمینە          صاحێبی مەککە و مەدینە
امامی هەر چار اقلیمە

مەلاژنەکان باس لەوەدەکەن کە ئەو زکر، سروود و تەهلیلانەی ئەوان لە پرسەکاندا دەخوێنن زۆرجار لەسەر داوای خەڵکە و حەز لە هەندێ جۆر لەم سروودانە دەکەن ئەوانیش بۆیان دەڵێن.
ماوەی مانەوەی مەلاژن لە پرسەکاندا جیاوازە بە پێی کاتی پرسەگێڕانەکە، پێشتر کە پرسە پێنج ڕۆژ بوو لە ڕۆژی سێیەمەوە دەهات، دواتر کە بووە سێ ڕۆژ لە کۆتا ڕۆژ مەلاژن دەهاتە پرسە و مەولودی دەخوێند، دواتر ئەمە گۆڕانی بەسەر داهات کە هەموو دوو ڕۆژ یا سێ ڕۆژی پرسەکە مەلاژن ئامادەیەکی تەواوی هەیە. ئێستا لەبەر ئەوەی مەرجی دانانی پرسە لە وەزارەتی ئاوقاف تەنیا یەک ڕۆژە لە مزگەوت، بۆیە خەڵکەکە زۆربەی پرسەی ئافرەتانی لە ماڵەوە دادەنێت و بە دەگمەن پرسەیەک هەیە، مەلاژن بانگ نەکرێت و وەکو جۆرێک لە داب و نەریتێکی کۆمەڵایەتی-ئایینی لەخۆگرتووە.

**١-٣ مەلاژن و پرۆسەی بوون بە مەلاژن و ئەو بابەتانەی باسی لێوەکەن لە پرسەدا:**
وەزیفەی مەلاژن و هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم کارە لای مەلاژنەکان لە یەکتر جیاوازە، هەریەکەیان ئامانجێک و هۆکارێک لە پشتی بوونیانە بە مەلاژن وەک ئەوەی کە دەبینرێت، هەیانە باس لەوە دەکات کە خۆشەویستی بۆ پێغەمبەر و ڕێبازی پێغەمبەر بۆتە هۆکارێک بۆ دەستپێکی ئەنجامدانی کاری مەلاژن و هەروەها **"بوونی بەهرەی دەنگخۆشی و شارەزایی لە قورئان بە تەجوید"** بەهۆکاری هەڵبژاردنی ئەم کارە دەزانێت. لەپاڵ ئەوەشدا مەلاژنێکی تەمەن(٥٦)ساڵ ئاماژەی پێدەکات لە ماوەی دوو ساڵ بەسەریەکەوە دوو منداڵی گیانی لەدەستداوە و بەردەوام سەردولکەی بەسەر منداڵەکانیدا گوتووە و دەڵێ **"گوتم با بە قورئان و حەدیس ئەم تازیانە بڕازێنینەوە بە فاتیحا و سەڵاوات لێدان، هەستم بە خۆشییەکی کرد چوومە مەدرەسەی دینی لای مەلا جەمیلی ڕەحمەتی حەزم بەم شتەکرد و دڵخۆشبووم"** مەلاژنێکی دیکە کە ماوەی (٤٣)ساڵە لەم بوارە کاردەکات دەڵێ تەمەنم حەڤدە ساڵ بوو کە گەڕامەوە و عیبادەتی خوام دەکرد و نزیکبومەوە لە خوا **"دواتر مامۆستایەکی برادەرم زۆر کاریگەری هەبوو، جیرانم بوو، بەو پێیەی خێزانێکی هونەرمەند بووین و دەنگمان خۆشە ڕۆژەک دایکی داکم کۆچی دوایی کرد، ئەمنیش شتەکم لەگەڵ مەلاژنەکە گوتەوە، وەک: (پێغەمبەر نازدارە، ساحێبی ئەسڕارە..) سەرنجی هەمووانم ڕاکێشا، گوتیان دەنگت زۆر خۆشە بۆ ناڵیی و ئافرەتەکی زیرەکیش**

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**بووم، قورئانم خەتم کردوو هاتوچۆی تەکیەم دەکرد، لەوێ (زیکر و تەهلیلە و قورئان و مەولودمان) دەخوێندەوە، کاریگەرییەکی زۆریشمان لەسەر خەڵکی هەبوو"**

لەگەڵ ئەوانەدا مەلاژنێکی دیکە دێتەسەرباسی ئەوەی کە **" هەمیشە دایکم هانی دەدام، ئارەزووی لەو شتانە هەبوو، هەر دەیگوت کچەکەم قورئان خوێن بووایە، لە سەرەتایی بووم دایکم دەیبردمە لای کچە پلکی کە قورئان خوێن بوو، دەیگوت هەموو ئیشەکی ماڵەکەت بۆ دەکەم بەس قورئانی بە کچەکەم بڵێ، لەسەرەتاوە لە تەکیەی ماڵی حاجی خێریەی مکەبەرە هەبوو من و برادەرێکم لێمان وەردەگرتن و سروودمان دەگوت".**

بۆ ئەم مەبەستە سەرۆکی کۆمەڵەی قورئان خوێنان ئاماژەی بەوەدا کە هەموویان لای ئێمە ئەندامن و کە لە تەواوی کوردستان بە گشتی (٥٠٠٠)پێنج هەزار قورئان خوێن هەیە بە هەردوو ڕەگەزەوە و لە شاری هەولێر (٤٥٠)پیاو لەگەڵ (٢٥٠)ژنی قورئان خوێن لەم کۆمەڵەیە ئەندامە و وەک باسی لێوەکرد (٦٠) بۆ (٧٠)یان کاران و لە پرسە قورئاندەخوێنن ئەوانی دیکە لە (گەڕەکەکان، ماڵەکان و هۆڵی مزگەوتەکان)، کۆرسی فێربوونی قورئان دەکەنەوە. بەڵام وەک سەرۆکی کۆمەڵەکە باسی لێوە دەکات، ئەوان تەنها مۆڵەتی قورئان خوێندنیان هەیە لە پرسەدا ئەوانی دیکە ئێمە لێی بەرپرس نین وەک زیکرو بەسەرهات و سروود ..تاد، بە پێی بە دواداچوونی توێژەر، هەموو ئەوانەی کە لە پرسەکاندا وەکو مەلاژن ڕۆڵ دەگێڕن ئەندام نین وەک مەلاژنێکی تەمەن (٣٩)ساڵ ئاماژەی پێکرد کە **" ئەندام نیم لە کۆمەڵەی قورئان خوێنان لە وەزارەتی ئاوقافی هەرێم باوەڕم بەوان نییە ئەوان هەندێکیان بە فێڵ ناسنامەیان هەیە ناشزانێ قورئان بخوێنێ".**

ئەم مەلاژنانە هەموویان کۆرس وەردەگرن لەو شوێنانەی کە خولی فێربوونی قورئانیان هەیە یان لەلای کەسی تایبەت، دەخوێنن. بۆ ئەمەش پێوەر هەیە لە وەزارەتی ئاوقاف بۆ بوون بە مەلاژن وەک سەرۆکی کۆمەڵەی قورئان خوێنان باسی دەکات **"بە فلتەر تێدەپەڕێ ، بۆ نموونە ژنیان لایە کە دەستەی کۆمەڵەیە لە بواری (مەقامات، تەجوید قورئان) خوێندنەوە، ئەو لیژنەیە هەڵیدەسەنگێنێ کە ئەو دەبێتە ئەندام"**

هەروەها باس لەوەش دەکات کە ئەوان نوێنەری ئافرەتیان هەیە سەبارەت بەو پرسە و خۆیان دەست وەرنادەنە کاروباری ئافرەتان، بەلام لە رووی کارگێڕییەوە ئەگەر پێویستیان بە ڕێپێدانی ئاوقاف بوو ئەوان هاوکاریان دەکەن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەبارەت بەو بابەتانەی لە لایەن مەلاژنانەوە لە پرسەکاندا باس دەکرێت یەکێک لە مەلاژنەکان باس لەوە دەکات **" سەرەتا زکر و سەڵا و ئەستەغفیروڵا دەکەین، پاشان چەند ئایەت و حەدیسەکی دەخوێنین لە بۆ ئەو خەڵکەی باسی (مردن، موسیبەت، زەرەر، نەخۆشی) دەکەین، قورئانی دەخوێنین ئیدی خەڵکەکە هێمن دەبنەوە و کۆنترۆڵی مەجلیشەکە دەکەین"** بەشداربووانی پرسەش باس لەوەدەکەن کە ئەو بابەتانەی کە ئەوان باسی لێوەدەکەن جگە لە قورئانەکە ئەوانەی دیکە هیچ نییە.

سەرباری ئەمانە لە کۆتا ڕۆژی پرسەکەدا و بۆ ئەوەی پرسەکە هەڵبگیرێت، مەلاژن لە دواساتدا خۆی و سەرجەم بەشداربووانی ناو پرسەکە هەڵدەستنە سەر پێ و ڕوودەکەنە قیبلە و دەست دەکەن بە نزا و پاڕانەوە لە خودا، **نزای لێخۆشبوون بۆ مردووەکە دەخوازن و شیفاش بۆ نەخۆشان و دوعای چاکە بۆ چاکەکاران و چارەسەربوونی کێشە کۆمەڵایەتی و ئابووریەکان ..تد** کە هەموویان بە دوای پاڕانەوە و نزاکانی مەلاژندا دەڵێن **ئامین**.

**٤-١ پێویستی بوونی مەلاژن و ئەرکە کۆمەڵایەتییەکەی لە پرسەی ژناندا**

سەبارەت بە پێویستی بوونی مەلاژن لە پرسەی ژنان و گرنگی مەلاژن لە پرسەکاندا، دید و بۆچوونی جیاواز هەیە لەوانە، یەکێک لە مەلاژنەکان ئاماژەی پێدەکات،کە بوونی مەلاژن **"خێری خۆی هەیە و خاوەن پرسە هەست بە ئارامی دەکا و دەگری و زۆرجار بە قسەکانی ئێمە دڵنەوایی دێ کاتێ باسی پێغەمبەری(د.خ)بۆ دەکەین کە کەسی نەبووە، هەروەها کاریگەریمان هەیە لەسەر خەڵک و بە هۆی منەوە چەندین کەس لەسەر دەستی من ئیماندارتربووە و فەرزەکانی باشتر کردووە، خەوی نەبووە و خەوی بۆ گەڕاوەتەوە"**

بە هەمان شێوە مەلاژنێکی دیکە دەڵێت **" مەلاژن نەبێ کارەساتە، هەتا بڵێی لە خۆیان دەدەن و ژن هەموو دەچنە لای خاوەن تازیە و دەڵێن کۆرەبم..مارت کۆر بۆوە، ئەگەر مەلاژن هەبێ بەس سەلام دەکەن و دادەنیشن"**

بەڵام بەشداربوویەکی تەمەن (٤٤)ساڵ ئاماژە بەوەدەکات **" من بە پێویستی نازانم و باوەڕناکەم کاریگەری لەسەرت هەبێ، ئەو مەلاژنانە بخوێنن یا نەخوێنن کاریگەری نییە، بەڵام بوویتە چاولێکەری و ناچاری، ئەگەرنا قورئانەکەش هەموو بە هەڵە دەخینن"**

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەروەها بەشداربوویەکی دیکە دەڵێت "**هیچ سوودی نییە، بیدعەیە، بەس ئەوەی باشە لە تازیە ژنان سەرقاڵ دەبن، ئەگەر وانەبی هەر قسان دەکەن"** هەمان بەشداربوو ئاماژە بەوە دەکا "**بەڵام من حەزم لێیە تازیە ئاوەدان بی، فێری شت دەبین من لە نوێژ غافڵ بووم لە تازیە فێربووم کە باشتربم"**

بەڵام بەشداربوویەکی تەمەن (٦٥)ساڵ دەڵێت "**هیچ پێویست نییە جاران نەبوو، بەڵام مەلاژن هەیە ئەی بابە دەنگی خۆشە"** لەم بارەیەوە سەرۆکی کۆمەڵەی قورئان خوێنان لە وەزارەتی هەرێمی کوردستان ئاماژە بەوە دەکا "**ئێمە وەکو کۆمەڵەی قورئان خوێنانی کوردستان دەبێ پشگیری لە قورئان خوێنان بکەین، ئەگەر پیاو ئەگەر ئافرەت خەڵک ئازادە، هیچ پرسەیەک ناچاری نیە"**

بوونی مەلاژن لە پرسەی ژناندا بۆتە مۆدێل و چاولێکەری بە جۆرێک ئەگەر خاوەن پرسەیەک مەلاژن نەهێنێت بۆ مەراسیمەکە پێی دەڵێن ڕەزیلە و دڵی نایێ پارە خەرج بکات یان دەڵێن هیچی بۆ مردووەکەی نەکرد، بە پێچەوانەی جاران ئەگەر ژنان و ئافرەتان لە پرسەی کەسانی نزیکیان ئەگەر شیوەنیان نەگێرابایە و لە خۆی نەدایە دەیانگوت هیچی بۆ مردووەکەی نەکرد.

هەر لەم ڕووەوە پسپۆران بە پێی تایبەتمەندیی پسپۆرەکەیان بەجۆرێکی دیکە باس لە پێویستی بوونی مەلاژن دەکەن لە پرسەدا.

پسپۆرەکەی بواری شەریعە ئاماژە بەوەدەکا " **لەرووی ئایینەوە هیچ پێویست نییە و پێچەوانەی شەریعەتیشە، لەرووی کۆمەڵایەتییەوە ئەو داب و نەریتە لە هەموو شوێن نییە لە هەولێر زەقە، لە بادینان نییە، لە هەولێر دەچنە ئەوێ، ئەمە بەشەکی سیاسییە بەوەی کە ڕەوتێکی ئایینی بە ناوی شێخ فلان و مامۆستای ژن دەچنە تازیە و ئەم بیرۆکەیە بگوازنەوە، ڕەوتێکی سیاسییە بابەتەکە"**

هەمان پسپۆر پێیوایە، کە "**لایەنی نەرێنی زۆر و بەرچاوو زەقە، هیچیان شارەزایان لە زانستی شەرعدا نییە، پسپۆریان نییە، تەنها پیشەیەکە و بۆ دەستکەوتی ماددییە**".

پسپۆرەکەی بواری ئەنترۆپۆلۆژی سەبارەت بە پێویستی بوونی مەلاژنەوە بیرورایەکی دیکەی هەیە بەوەی کە "**لە بنەرەتدا تازیە پێویست نییە هەم بە پێی ئایین و هەم لە رووی کۆمەڵایەتیش بەم شێوەیەی ئێستا، ئەمە ڕەنگە پەیوەندی بە قۆناغەکانی گەشەکردنی کۆمەڵگاوە هەبێ، هی پیاوانیش بەو پێویستیە نییە، هەر دیاردەیەکە هەیە و بۆتە نەریت و ژن بە جیا دادەنیشن و پیاوان بە جیا، بەڵام باشترە ژنێک هەبێ جار جار ئامۆژگارییەک، قسەیەکی ئایینی بکات یان ناوەرۆکی قسەکانی ڕێکبخرێ و دەستگایەک هەبێ نەک بە ئارەزووی خۆی هەموو قسەیەک بکات ببێت هۆی ترساندنی منداڵ و**

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**ئەمانە، واتە وەک مینبەرێک بەکاربهێنرێ بۆ ڕۆشنبیکردن یان وریاکردنەوە و هۆشیارکردن، بۆئەوە بێ پێویستە"**

ئەم سرووتە خۆی جگە لەوەی بۆنەیەکی کۆمەڵایەتی بە ئایین رووپۆشکراوە و خەڵک بۆئەوەی پرسەکەی شێوەیەکی گەرم و گوڕ وەربگرێت و قەرباڵغی هەبێ و هەتا رادەیەکیش وەک جۆرێک لە نەریت سەیر دەکرێ و خەڵکان چێژ دەبینن لە بەسەرهات و زکر و دەف و ئەو مەراسیمەی کە لەناو پرسە پێی دەگوترێت مەولوود چێژ دەبینن و ئارەزووی دەکەن.

پسپۆری بواری دەروونناسیش بە هەمانشێوە ئاماژە بە پێویستی بوونی مەلاژن دەکات و دەڵێ **"بە ڕای من پرسە خودی خۆی پێویست نییە نەک مەلاژنیش، پرسە با یەک ڕۆژ بێ ئەگەر هەشبێ، دڵنەوایی کەسەکە دەدەنەوە، ئەوانەی دێنە پرسە بۆچی دێن، من بە گرنگی نازانم تەنها ئەوە نەبێ دەبێ ئێمە لەخۆشی و ناخۆشی کەسەکان بەشداربین"**

بەشێک لەو مەلاژنانە پێیانوایە، لە ڕووی ئەرکی کۆمەڵایەتی و پێگەی کۆمەڵایەتیشەوە بۆ ئەوان سوودی زۆر هەبووە و بە گرنگ و پێویست باس لە کارەکەیان دەکەن کە لەلای زۆربەیان پیشەی سەرەکی ژیانیانە، هاوکات بەشێک لە مەلاژنەکان هەم وەک خۆیان دەڵێن سالانە چەندین جار لەگەڵ (عەمرەکاران) دەڕۆن بۆ مەککە و مەدینە لە وڵاتی سعودیا وەک ڕێنماییکاری ئەو عەمرەکارە ئافرەتانەی دەیانەوێ بچنە عەمرە ، بۆ ئەمەش مەلاژنەکان هەیانە لە کۆمپانیاکانی حەج و عەمرە کاردەکات و هەشیانە تەنها هاوکارییانە و خەڵکیان لە پرسەکان و خانەقاکان بۆ دەدۆزنەوە تاوەکو بچن بۆعەمرە و حەج، لەگەڵ ئەوەشدا بەشێک لە مەلاژنەکان کاری شۆردنی مردوو دەکەن و جەنازە دەشۆن و کفنیان دەکەن و ئامادەیان دەکەن بۆ ناشتن، بۆ ئەمەش هەیە خولی وەرگرتووە و هەشە تەنها بینویەتی و فێر بووە ، یەکێک لە مەلاژنەکان باسی ئەوەی دەکرد کە زۆرجار لە تەکیە ژنەکان کۆدەکەمەوە و فێری مردووشۆردنیان دەکەم، هەروەها ئەم مەلاژنانە لە ناو پرسە و دەرەوەی پرسەدا پێگە و جێگەیەکی تایبەتیان هەیە و زۆرجار وەک ڕۆشنبیر و پلەیەکی باڵا هەم خۆیان دەبینن و هەمیش لە ناو ژنان بەو شێوەیە سەیر دەکرێن، مەلاژنێکی تەمەن ٤٣ساڵ بە شانازییەوە باس لەوەدەکات کە **" ئەم ئایینە وای کردووە مەلا فلان بناسرێ، دەچمە هەر شوێن و کۆڕێک ڕێزێکی زۆرم هەیە، ژن هەیە لەناو سەیارەیە لەگەڵ مێردی بە پیاوەکەی دەڵێ ئەوە مەلاژنە فلانە و پیاوەکە سەلامم لێدەکا"** بە هەمان شێوە مەلاژن هەیە دەڵێت **"جار هەبووە نەک خۆم خوشکەکانم دەچنە جێیەکی**

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**دەڵێن ئەوە خوشکی مەلاژنە فلانە، کە دەچمە دکتۆری هەتا بەردەگا دێن لەگەڵم و زۆر رێزم دەگرن، من لە قوتابخانە بەڕێوەبەر بووم، قوتابخانەکەی من لە هەمووان بەناوبانگتر بوو** " زۆربەی مەلاژنەکان لە ڕووی بڕوانامەی خوێندنەوە خاوەنی هیچ بڕوانەمەیەکی زانکۆیی نین لە میانەی بە دواداچوونی توێژەر رێکەوتی دوو مەلاژنمان کرد کە بڕوانامەیان هەبوو، کە یەکیان بەڕێوەبەری قوتابخانە بووە لە هەولێر و یەکێکی دیکە قوتابی دکتۆرا بوو، ئەوانەی دیکە هەموویان لە رێی خولی نافەرمیەوە خۆیان فێری خوێندن و خوێندەواری کردبوو ، هەش بوو خۆی خولی قورئان و تەجویدی دەکردەوە و خۆی تیایدا وەک مامۆستا وانەی تیا دەوتەوە، لەگەڵ هەموو ئەمانەدا بەشداربووەکان باسیان لەو سروودانە دەکرد و دەیانگوت ئەمانە زۆربەی گۆرانین یا ئاوازی گۆرانیە و وشەی دیکەی بۆ دانراوە، بۆ ئەم مەبەستە یەکێک لە مەلاژنەکان کە لەمیانەی چاوپێکەوتنەکە چەندین جار بە ئاوازەوە سروودەکانی دەگوتەوە خۆی لە خێزانێکی خاوەن چەندین بەهرەمەندی هونەری گۆرانیگوتنن، ئاماژەی بەوەدا کە " **زۆرجار دادەنیشین، خەیاڵیەن بۆمان دێ، بابەس بێ ئەم هەموو غەمە، زۆرجاریش لە مامۆستا پیاوە بەرێزەکان وەردەگرین و دەڵێینەوە**" وەک یەکێ لە بەشداربووەکان باسی لێوەدەکرد "**من کچی مامم گەنج بوو جوانەمەرگ بوو دایکەکەش ئامادە بوو، مەلاژن لە تازیەکە شیعری دەوت، هەی رۆ هەی رۆ کچی جوانم رۆ، بەشیعرەوە دایە مەگری مەگری و ئەم ساتانە، بەدەست خۆت نییە گریان دەهاتە خوارێ**" هەر بە هۆی ئەو ڕۆڵ و پێگەیەی مەلاژن لە نێو رێورەسمی پرسەدا هەیەتی، ئەو کاریگەرییەی لەسەر ژنانی شاری هەولێردا هەیەتی، وایکردووە کە مەلاژنەکان جگە لە بەرپوەبردنی پرسە چەندین کار و چالاکی دیکە ئەنجام بدەن وەک: کۆکردنەوەی پارە بەو ناوەی کە بۆ لێقەوماوانە، دۆزینەوەی ژن بۆ هاوسەرگیری و وەرگرتنی دیاری لە خەڵک و کارکردن بۆ پارت و حزبە سیاسی و رۆڵیان لە بواری هەڵبژاردەنەکان و هەروەها هەیانە ئەکاونتی تایبەت بە خۆیان هەیە لە سۆشیال میدیا وەک (سناپ چات و ئینستاگرام)کە تیایدا چالاکی و مەولودەکانیان لە پرسە و مەراسیمی مەولودی پێغەمبەری ئیسلام وهەروەها بەشێکیان ریکلام بۆ کاڵا و کەلوپەل و پێداویستی ماڵ و جلوبەرگ و کۆگا و دوکانی تایبەت دەکەن و داوا لە خەڵک دەکەن سەردانیان بکەن، هەروەها لایڤیش دەکەنەوە لە سۆشیال میدیا، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک لە مەلاژنەکان ئۆفیس و شوێنی تایبەت بە خۆیان هەیە بۆ ئەوەی خەڵک سەردانیان بکەن و بیانبین، دەڵێن کە هەم بۆ داوەتکردن بۆ پرسە و مەولود سوودی لێوەردەگرن هەمیش کێشەکانیان بۆ چارەسەر دەکەن، لەگەڵ هێنانی کۆمەک و هاوکاری بۆ شوێنەکانیان بۆ خەڵکی.

ئەوەندەی توێژەر سەرنجی داوە و بە دواداچوون و چاوپێکەوتنی کردووە بەشێک لە مەلاژنەکان دژایەتی یەکتر دەکەن و جۆرێک لە ڕکابەرایەتی یەکتر دەکەن؛ تەنانەت توێژەر خۆی گوێی لێیان بووە بەشێکیان ناو ناتۆرەش لە یەکتر دەنێن و ململانێ هەیە لە ناویاندا، هەروەها توێژەر ڕێکەوتی ئەپلیکەیشنی مەلاژنێکی کردووە لە سناپچاتدا کە سەنتەری جوانکاری هەیە و ڕۆژانە خەڵک وەکو ئارایشتگا سەردانیان دەکەن و خۆیان دەڕازێننەوە، سەرباری دەرکەوتنی بەشێک لە مەلاژنەکان لە شاشەی تەلەفزیۆن و بەرنامەی ئایینی و چاوپێکەوتن لە گەڵیاندا کراوە. وەک مەلاژنێک ئاماژەی پێکرد **" مەلاژنە فلان لە تەکیەکەیدا داوا لە خەڵک دەکات (ناسنامە و کارتی نیشتمانیتان بینن، تاوەکو بینە ئەندام لەسەر تەریقەتی کەسنەزانی)، بەڵام ئەوانەی هەموو بۆ بەغدایە و ناویان وەکو شیعە دەنووسرێ، ئینجا خۆی پارە وەردەگرێ لەبەرامبەردا"** وەک مەلاژنەکە باسی لێوەدەکات، **"بەڵام ژنی ئێمە زۆر نەفام و فەقیرە دەچن ناسنامەیەن دەدەنێ"**.

**٢. لە بواری دەروونیدا:**

بێگومان کاتێ مرۆڤ کەسێکی نزیکی لەدەست دەدات، لە ئەوپەڕی نائارامی و خەفەتباریدایە و هەمووان دێنە پرسە لە پێناو دڵنەوایی و ئارامکردنەوەی خاوەن پرسە، هەروەها دووپاتکردنەوە لەوەدا کە مرۆڤ بە تەنها لە خۆشییەکانی یەکتر بەشدار نابن، بەڵکو لە ناخۆشییەکانیشدا، دەکرێ لە پشتی یەکتر بن، تا ئەوەی ئەگەر نەشبنە سارێژی تەواوی برینی ناخی خاوەن پرسە، بەڵام دەتوانرێ ئارامی و دڵنەوایی پێببەخشن، هەتا خەمەکە لەسەر شانی خاوەن پرسە کەم بێتەوە.

بۆیە لێرەدا سەبارەت بەو ڕۆڵ و کاریگەریەی کە مەلاژن هەیەتی لە رووی دەروونییەوە، تاچەند توانیویانە کاریگەرییەکی ئەرێنی دروستبکەن لە پرسەکاندا، سەرجەم مەلاژنەکان باس لەوە دەکەن کە هەست بە ئارامی و دڵخۆشییەکی زۆردەکەن بە هۆی کارەکەیانەوە، وەک مەلاژنێکیان باسی لێوەدەکات **"زۆر دڵم خۆشە..ئەوەندەی دڵم بەوانە دەبێتەوە بە هیچی تر نابێتەوە، خزم و کەسی خۆم وەک ئەوکەسانە بەوەفانین کە لەدەورمدان"** هەمان مەلاژن ئاماژە بەوەدەکات **"چەندان ئافرەت هەیە تووشی باری دەروونی بووە، سکی سوتاوە، کە هاتیتە لای ئێمە دڵی فراوان بووە، دەڵێن ئەگەر تۆ نەبووایە دەمردم پاشی مردنی کوڕەکەم"** بە هەمان شێوە مەلاژنێکی تەمەن (٦٧)ساڵ باس لەوەدەکات لە رووی دەروونییەوە **"هەموو شتەکی پێبەخشیوم، زۆر دڵخۆشم و سەرم بڵندە پێی، هەموو خەڵک**

**دەزانێ کێ بوویمە و چی بوومە، ناوبانگی زۆری بە من بەخشیووە"** هەر سەبارەت بە سوودی مەلاژن لە رووی دەروونییەوە، مەلاژنێکی تەمەن (٤٣)ساڵ دەڵێ **" زۆر ئارامم، دڵم بە هەموو شتەکی ئایین خۆشە، بەو جلکانەم ، بە قورئان خوێندن، خەڵک هەبووە حیجاب بووە، چوونە خوێندوویانە ، چەند مامۆستام پێگەیاندییە، ئێستا ئەوانیش ئامێریان کڕیە لە تازیان دەف لێدەدەن و قورئان دەخیننەوە"،** هەروەها بەشێک لە مەلاژنەکان بروایان وایە کە بەهۆی ئەم بەسەرهات و لاوانەوەی ئەوان لە پرسەکاندا دەیکەن، دەتوانن ئارامی بە دەروونی خاوەن پرسە ببەخشن، کاتێ وای لێدەکەن زۆر بگری بەمەش کەفوکوڵێ خاوەن پرسە دادەمرکێتەوە و لە رێییەوە خەمەکانی هەڵدەرێژێت.

بەشیک لە بەشداربووانی پرسە باس لەوە دەکەن **" کە ئەوە قورئان دەخوێنێ هەندێک باش دەبی دڵت فێنک دەبیتەوە، ئەگەرنا دەبی خاوەن تازیە هەر بگریەن و هاوار بکەن و ئەوانی تریش هەر بابایە ئەوە چیت کڕیە، وەڵا جلکت جوانە، ئەرێ مێردت کردیە.."** بەڵام بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونە پسپۆرەکەی بواری دەروناسی پێیوایە: **"لە رووی دەروونییەوە زۆر ناخۆشە زیاتر برینی ئەو کەسانە دەکوڵێنێتەوە و خەم دەخاتە دەروونیانەوە زیاتر برینەکەی قوڵتر دەکا بە قەد ئەوەی سارێژی بکات"** لەگەڵ ئەمانەشدا بەشێکی دیکە لە بەشداربووان پێیان وایە ئەگەر بەتەنها قورئان بخوێنرێ باشترە نەک ئەم بەسەرهات و سروود و لاوانەوە و مەولوود بە دەفەوە، زیاتر ئازاری خاوەن پرسە دەدا، بەڵام سەرۆکی کۆمەڵەی قورئان خوێنان ئاماژە بەوە دەکات کە **" زۆر جار بۆ باسی سەربووردە و ئەو شتانە گلەییم کردووە لە مەلاژنەکان، بەڵام مەلاژن دەڵێ خاوەن پرسە هاتووە دەڵێ ئەگەر ئەوانە ناکەی مەلاژنێکیتر دەینم"** بەڵام بەشداربوویەکی تەمەن (٧٠)ساڵ باس لەوەدەکات **" حەزدەکەم بچمە هەر تازیەک مەلاژن هەبی فاتیحا بخینی و خەڵک قسان نەکەن"**، هەروەها یەکێکی دیکە لە بەشداربووان ئاماژەی بەوەکرد، **"تازیەی ئێستا لە جاران خۆشترە چونکە ئاوەدانە، ئەم سەردولکانەش خۆشە بە تایبەت بۆ کەسەک کەسی نەبی"**

کەواتە دەتوانین بڵێن بەشێک لە خاوەن پرسەکان خۆیان حەزیان بەم بابەت و سرووود و بەسەرهاتانەیە، لە پرسەدا، سەرەڕای ئەمانە وەک هەندێ لە بەشداربووان باسی لێوەدەکەن ، زیاتر بۆ ئەوەیە خاوەن پرسە پرسەکەی جیاواز و گەرم وگوڕ بێت ئەگەر نا هیچ سوودی بۆ مردوونییە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**٣. لەبواری ئایینیدا:**

وەک دەزانرێت، بەشێکی سەرەکی لەو چالاکیانەی مەلاژن ئەنجامیان دەدا، بریتییە لە قورئان خوێندن لە پرسەکان و بەم بۆنەیەشەوە کۆمەڵەیەک لە وەزارەتی ئاوقافی حکومەتی هەرێمی کوردسان هەیە بە ناوی کۆمەڵەی قورئان خوێنانی کوردستان و چەندین کەس ئەندامی ئەم کۆمەڵەیەیە و کارەکانی کۆمەڵەکە رایی دەکەن، بە هەمان شێوە وەک باسمان لێوەکرد مەلاژنەکان زۆربەیان ئەندامن لەم کۆمەڵەیە و بەردەوام رێنماییان پێدەدرێ لە چوارچێوەی پلان و بەرنامەکانی کۆمەڵەکە و هەر ئەندامێکیش پابەند نەبێ لەڕێی کۆمەڵەکەوە رێککاری دەگیرێتەبەر لەبەرامبەریدا و بە تایبەت لەو بابەتانەی پەیوەست بە پرسە نیشتمانییەکان و ئاشتی کۆمەڵایەتیدان.

ئەوەندەی توێژەر سەرنجی داوە و تێبینیکردووە، خەڵکان ئەوەندەی بۆ مەولوود خوێندنەوەکە و بەسەرهات و سروودەکان و دەفژەنین ئارەزووی پرسە و مانەوەی زۆر لە پرسە دەکەن، کەمتر بۆ بەمەستی تەنها قورئان خوێندنەکە دەچن، سەبارەت بەمە بەشداربوویەکی پرسە باس لەوەدەکات کە **"ئەم مەلاژنانە هیچ سوودیان نییە، لە رووی شەرعیشەوە گوناهە"** مەلاژنێکی تەمەن (٥٦)ساڵ ئاماژە بەوەدەکات کە **"خۆی شتەکی ئایینیە، حەزت بۆ ئایینەکە زیاتر دەچێ، بابەتەکە ئایینی و کۆمەڵایەتیشە"** مەلاژنێکی تەمەن (٤٣)ساڵ دەڵێ کە **"خودا منی هەڵبژارد بۆ ئەم کارە دەبی ئەمنیش خزمەت بکەم و بە پیرۆزی دەزانم، دەبی خەڵکەکەی بە جوانی تێبگەیەنی"** بەڵام پسپۆرە دەروونناسەکە، کە خۆی بەشداری رێوڕەسمی پرسەی ژنانی کردووە و باسی ئەوە دەکات کە **" ئەوەی من بیبیستم لەوێ قورئان دەخوێنرێ و فەرموودەش دەڵێن دوایی تەفسیری دەکەن بە کوردی ، باشە تەفسیری قورئان و تەنانەت زانایانی شەرعیش، کۆک نین لەسەری ، لەسەر ڕاستیی فەرموودەکان، بۆ نموونە فەرموودەی پێغەمبەر هەیە و هەیانە (صحیح) نییە، مەلاژن هەیە دەرچووی زانکۆ بێت یان بڕوانامەی هەبی، بەڵام ئەوانی دیکە هاکەزایی قورئانەکەی بە غەڵەتی دەخوێنی، ئەویش تەجویدی قورئانە بەلاغەی تێدایە، دێ بە هەڵە دەیخوێنێتەوە، بەڵکو باشترە قورئانێک پێکەن دوو ڕۆژ سێ ڕۆژ و تەواو"**

یەکێکی دیکە لە مەلاژنەکان باس لەوە دەکات کە بەهیچ شێوەیەک لە شوێنی کراوە و ژێر خێمەکان قورئان ناخوێنێ و ناچێتە ئەوێ تەنیا لە ماڵاندا نەبێت، چونکە پێیوایە لە رووی شەرعی ئیسلامە نابێ ئافرەت دەنگی بەرزبکاتەوە و پیاوان گوێبیستی بن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شەریعەتناسەکەش پێیوایە کە لە "**ڕووی ئایینەوە هیچ پێویست نیە و پێچەوانەی شەریعەتیشە، واتا ئەگەر ئێمە قسە لەسەر شەریعەت بکەین شەریعەت ڕێگا نادات**"

سەبارەت بەمە بەشێک لە بەشداربووانی پرسە و مەلاژنیش بە (**بیدعە**)ناودەبەن لە ڕووی ئایینیەوە، هەروەها پسپۆڕەکەی بواری شەریعە جەخت لە بابەتێکی دیکە دەکاتەوە کە ئەم پرسی بوونی مەلاژنە ڕەهەندی دیکەی هەیە بەوەی کە لە هەولێر هەیە و لە دهۆک نییە، بەشێک لەمانەی هەولێر دەچنە دهۆک یان بەغداد، ئەویش بریتییە لە سیاسەت و پێیوایە "**بمانەوێ و نەمانەوێ حزبی ئایینی هەن لە وڵاتەکەمان، ئەمەش ئەو ڕەوتانە لێرەن ئەو ژنانە موریدی خۆیانە ، هی شێخ فلان و مامۆستا فلانە، لەڕێی مردنی کەسانێکەوە دەیانەوێ ئەم بیرۆکەیە بگوازنەوە، ئەمەش ڕەوتێکی سیاسی بابەتەکەیە**". وەک پسپۆڕەکە باسی لێوەدەکات، ئەوانەی لێرە چوونەتە دهۆک لەڕێگەی ڕەوتی سیاسییەوەیە لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە پێویست نییە، پێیوایە "**تەنها خێزانی مەلا ڕۆڵێکی زیاتری هەیە و ڕۆشنبیرییەکی ئایینی زیاتری هەبێ لە ڕووی دەروونییەوە شتێکی باش دەبێت**"، لەگەڵ هەموو ئەمانەش پسپۆڕەکەی بواری شەریعەتناسی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە پێویستە گۆڕانکاری بکرێ لە تەفسیرکردنی قورئان ناکرێ مامۆستایەک بە هەمان نەفەسی ١٠٠ساڵ پێش ئێستا قورئان ڕاڤە بکات کە ڕۆشنبیری و ژیری کاریگەری لەسەر کردووە و قسەی لەسەر کردووە، وەک پێیوایە "**ڕۆشنبیری من وەک ڕۆشنبیری چەند ساڵ لەمەوبەر نییە**"، هەروەها پێویستە بە پێی پێشکەوتنە گەورەکان بیری ئایینی خۆی تازەبکاتەوە هەم لە ڕووی دەروونی ، فیکری و ئایینییەوە، پێیوایە ئەگەر بەم شێوازە مامەڵە لەگەڵ ئایین نەکرێ "**گەورەترین هەڵەیە و مێژوو دەنووسرێتەوە و ڕەحم بە کەس ناکات**"

**٤. لە بواری ئابووریدا:**

لە کۆندا کە لە پرسەی ژناندا تەنها سەردولکەبێژ هەبووە، کاری لاوانەوەی کردووە بە بێ هیچ بەرامبەرێک، دواتر مەلاژن کە کردوویەتە (**ژنی مەلا**) ڕۆڵ و پێگەیەکی گەورەی هەبووە لە ناو کۆمەڵگا و دواتر لە پرسەی ئافرەتاندا قورئانی خوێندووە وەک مەلاژنێکی (٦٧) ساڵە دەڵێ "**جاران مەلاژن هەبوو تەنیا قورئانی دەخوێند، بە چەند مەلاژنێک بە هەر حەوت ڕۆژەکەی تازیە قورئانیان خەتم دەکرد تەنیا کاتێکی کەمیان دەدایە سەردولکەبێژ سەردولکەی دەگوت، دواتر فاتیحاو ئینجا دیسان قورئان خوێندن**" وەک باسی لێوەدەکەن بە بێ بەرامبەر بوو، بەڵام ئێستا مەلاژن نییە پارە وەرنەگرێت، پارە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەندنەکە لە مەلاژنێکەوە بۆ یەکێکی دی دەگۆڕێت وەک بەشداربوویەک کە خۆی خاوەن پرسە بووە باسی دەکات، **"نا نا قەت بەلاش نییە، ئەوەی هاتووە بە پارە هاتووە، من خۆم هی ڕەحمەتی دوو وەرەقە و نیوم داوەتێ، جگە لەوەی براکەشم لە مزگەفت پارەی دابووە قورئان خوێنەکەی مزگەفت"** لێرەدا ئەم بابەتی سەندنی پارە لە خاوەن پرسە، هەردوو ڕەگەزی قورئان خوێنان پارە وەردەگرن، چ ژن بێ یا پیاو، وەک سەرۆکی کۆمەڵەی قورئان خوێنان ئاماژەی پێکرد **" ئێمە وتوومانە ٧٥٠٠٠ بۆ ١٠٠،٠٠٠ بۆ یەک ڕۆژ وەربگیرێت، هەشە بەبەلاش دەیکا"** وەک توێژەر بەدواداچوونی بۆ کردووە مەلاژنەکان هەموویان ناچن بۆ هەموو پرسەیەک کە پێیان دەگوترێت، بەڵکو زیاتر بۆ ئەو پرسانە دەچن کە پارەی زیاتر دەدات، وەک بەشداربوویەکی تەمەن (٤٣)ساڵ باسی دەکات **" مەلاژنە فلان هەیە هەموو تازیەک ناکا مەسەلەن حەزی لە ماڵی دەوڵەمەند و بەرپرسە، هەمووی بوویتە بازرگانی"**، سەندنی پارە لە لایەن مەلاژنەوە لە پێناو هاتنیان بۆ پرسەگێران وایکردووە، کە ئەو کەسانەی لە رووی داراییەو هەژارن ئەگەر مەلاژن نەهێنن دەبێتە شوورەیی و بابەتەکە بووەتە چاولێکەری و بە هێنانی مەلاژنەکەش کە دەنگی خۆش بێ پارەکەی زیاترە وەک لە یەکێکی دیکە، وەک مەلاژنێک باسی دەکات **" لە رووی مادییەوە زۆری پێبەخشیوم، بە پارەی مووچە، خانوو و سەیارە دەکڕدرێ؟ بەس ماندووبوونی زۆری دەوێت"** بۆ هەمان مەبەست مەلاژنێکی دیکە دەڵێ **"ژیانی من لەسەر ئەو مەولوود خوێندنەوەیە و خۆشم حەمەلەدارم ٢٠ساڵە وەکو مورشیدەی دینی بۆ ئافرەتی قورئان خوێن و ئەو حاجیانەی کە سەدەها پرسیاریان هەیە شەرم دەکا لە پیاوی بپرسن لە ئێمە دەپرسن، ئافرەتی حەملەدارمان کەمە ڕێنیشاندەریش بێ"** سەرجەم ئەو مەلاژنانەی توێژەر چاوپێکەوتنی لەگەڵ کردوون پارە وەردەگرن لەبەرامبەر چوونیان بۆ ڕێورەسمی پرسەکان، هەندێ جار بە شێوەی دیاری و خێر جاروبار پارە وەرناگرن. بێگومان ئەو پارەیەی کە سەرجەم بەشداربووان و مەلاژنەکان خۆشیان باسی لێوەدەکەن لە نێوان (١٠٠)دۆلار تادەگاتە (٣٠٠٠)دۆلاریش وەرگیراوە، یەکێک لە مەلاژنەکان باسی ئەوەی دەکرد ئەو زیاتر دەچێتە پرسەی دزەییەکان چونکە لە ماڵەوە پرسە دادەنێن ماڵی خۆیان گەورەیە، هەشە باسی ئەوەدەکات کاتی شەری داعش بۆ ماڵی پێشمەگە شەهیدەکان بە بێ بەرامبەر چووە بۆ پرسەیان و پێیوایە ئەوان بۆ پاراستنی ئێمە گیانیان بەختکردووە چۆن پارە وەردەگرێت، هەشە گوتوویەتی ماڵی فلانە بەرپرس کە شەهید بووە، بە (٣٠٠٠)دۆلار بووە، چونکە ئەوان ماڵە دەوڵەمەندن. پسپۆڕانیش پێیان وایە کە بابەتەکە ئەوەندەی ئامانجی کۆکردنەوەی پارە و بازرگانییە ئەوەندە بۆ خێر و ئایینداریی نییە،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەڵکو بۆتە پیشە و خەڵک رووی تێکردووە، بەڵام وەک سەرۆکی کۆمەڵەی قورئان خوێنان باسی لێوەدەکات، خەڵکەکە خۆی پارەی زۆر دەدات، هەیانە دەڵێ ئەوە پارەی دایکمە یان باوکمە، بۆیە دەیدا بە مەلاژن، سەرباری وەرگرتنی پارە لە لەیەن مەلاژنەوە، زۆر جار مەلاژنەکان پرسە دەکەنە شوێنێک بۆ کۆکردنەوەی پارە بە ناوی خەڵکی کەم دەرامەت و نەخۆش و ماڵە هەتیوو ...تاد وەک شایەت حاڵێک باسی دەکات، **"سێ چوارجارم دیووە مەلاژن دەڵێ ماڵێک هەیە نەخۆشیان هەیە، یان دەڵێ ماڵیان سووتاوە"** سەرباری ئەمانە مەلاژن هەیە باس لەوە دەکات ئەو پێویستی بەو پارەیە نییە و خۆی کاری دروومان دەکات. دەڵێ **"بۆ من ئەم کارە ئایینییە لە رووی ماددییەوە  من خۆم پێویستم پێی نییە، دروومانی دەکەم، بەس ئەوانەی لەگەڵ من دوو خوشکەکەم، بار و دۆخیان باش نییە پێوسیتیان پێیەتی، من هەندێک جار لەبەر ئەوان وەردەگرم"** هەروەها مەلاژنە تەمەن (٣٩) ساڵەکە جەخت لەوەدەکاتەوە کە **"لە رووی ماددی هیچ سوودی نییە بۆ من، تەنها ئەوە نەبێ ویژدانم ئاسوودەیە و زۆرجار پارەکەی بۆ خێرومەندان دەنێرم و شتیان بۆ پێدەکرم بە پێی پێویستی"** لەبەرامبەردا پسپۆرە دەروونییەکە باس لەوەدەکات کە **" هۆکاری سەرەکی مەلاژنەکان خۆیانن دێن زیاتر ماددەیە، ئەگەر پارەی نەدرێتێ ئایا دێت؟ کەواتە هۆکاری سەرەکییان بەرژەوەندی خۆیانە، من بە ئایینی دانانێم سەبارەت بە خۆم ،تەنیا لە حاڵەتێکدا بە خۆڕایی بێت یان خێر بێت یان بە مامەڵەی پارە، هەر تازیەیەک چوویمە زیاتر مامەڵەیەن کردییە ، هەتا گەیشتە ئەوەی لە ئەوقاف بڕەکەی دیاریکرا"** ئەوەی شایانی گوتنە سەرباری ئەوەی بڕی پارەکە لەلایەن وەزارەتی ئاوقافی هەرێمەوە دیاریکراوە، بەڵام نەتوانراوە هیچ رێگرییەک بکرێ لە وەرگرتنی پارەیەکی بێ شومار لە بەرامبەر دوو ڕۆژ یان سێ ڕۆژ هاتنی مەلاژن بۆ پرسەگێڕان.

## ئەنجامەکانی توێژینەوە:

١.مەلاژن ئەو کەسەیە کە رێوڕەسمی پرسە بەڕێوە دەبات لە نێو پرسەی ژناندا و قورئان دەخوێنن بەڕێوەبردنی پرسە دەگرنە ئەستۆ.

٢.مەلاژنەکان زۆربەی ئەندامی کۆمەڵەی قورئان خوێنانن لە وەزارەتی ئاوقافی حکومەتی هەرێمی کوردستانن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٣. رێورەسمی بەڕێوەچوونی پرسە گۆڕانێکی زۆری بەسەرهاتووە بەراورد بە پرسەی کۆن هەم لەرووی ڕۆژەکانی پرسە گێران لە ڕووی بوونی مەلاژن تیایدا کە لە کۆندا سەردولکەبێژ هەبووە کەشی نێو پرسەی ژنانی گەرم کردووە.

٤.بەهۆی بوونی مەلاژن لە پرسەکاندا شێوازی بەڕێوەچوونی پرسە گۆڕاوە لە شیوەنکردن ولە خۆدان بۆ گوێبیستی قورئان و سروود و تەهلیلە و بەسەرهات و دەف، بەمەش کەف و کوڵی خاوەن پرسە دادەمرکێتەوە و خەمەکانی هەڵدەڕژێت.

٥.سەرجەم مەلاژنەکان خولی فێربوونیان بینیووە لە شوێنی فەرمی و نافەرمی، بۆ فێربوونی قورئان و بەسەرهات وسروود..تد

٦.سەرجەم مەلاژنەکان تیانووسێکیان لایە بۆ ئەو سرووده ئایینی و بەسەرهاتانەی کە لە پرسەکاندا دەیانخوێننەوە.

٧. لە رووی کۆمەڵایەتییەوە مەلاژن ڕۆڵێکی کارا و کاریگەر دەبینێ بە جۆرێک کە خەڵک زۆر رێزیان لێدەنێن و پێگەیەکی دیاریان هەیە هەم لە ناو پرسەی ژناندا و لە نێو کۆمەڵگادا.

٨. بەهۆی بوونی چەندین کەرەستە و خواردن لەسەر مێزی بەردەم مەلاژن، خەڵکان بەوەڕیان وایە کە دەتوانن لەم خواردن و خواردنەوانە وەربگرن و مرازیان بە هۆیەوە جێبەجێ دەبێت، بە هۆکاریی پیرۆز بوونیان چونکە قورئانی لەسەر خوێندراوە.

٩. مەلاژنەکان پێیان وایە پێویستی و پێویستن لە پرسەدا و ئەوان نەبن کارەسات لە نێو پرسەدا روودەدات، بە پێچەوانەی پسپۆران کە پێیان وایە هیچ پێویست نین و بگرە کاریگاری نەرێنیشی هەیە.

١٠.کاری مەلاژنێتی لای مەلاژنەکان پیشەیە و بێ ئەم پیشەیە ناتوانن و سوودی بۆ ئەوان زۆرە.

١١. لە ڕووی دەروونییەوە، ڕۆڵ و کاریگەرییان هەیە، کە توانیویانە کاریگەریی ئەرێنی دروستبکەن بەهۆی نەمانی دیاردەی شیوەن و لەخۆدان، هەروەها کاریگەریی نەرێنی هەیە بەوەی برینی خاوەن پرسە قووڵ دەکەنەوە وەک لە سارێژبوونی.

١٢. لە ڕووی ئایینیەوە سەباری قورئان خوێندنەوە و فەرموودەکان، بەڵام پسپۆران پێیانوایە لە ڕووی شەرعیەوە دروست نییە و بگرە پێچەوانەی شەریعەتیشە.

١٣. ئەوەندەی خەڵکان حەزیان بۆ مەولود خوێندنەوەکە و سروود وتەهلیلەکانە ئەوەندە بەمەبەستی ئایینی لە پشتی مانەوەیان نییە لە پرسەکاندا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

١٤. لە بواری ئابووریدا، ئەوەندەی ئامانجی مەلاژنەکان کۆکردنەوە و کەسبکردنی پارەیە ئەوەندە ئامانجی خێر و دڵنەوایی خاوەن پرسەکە نییە، دەیانەوێ پێگەی خۆیان لە ناو کۆمەڵگادا بەرزبکەنەوە.

١٥.سەرباری دانانی برێکی دیاریکراو لە لایەن وەزارەتی ئاوقافەوە بەڵام نەتوانراوە رێگر بێ لە پێدانی پارەیەکی زۆری خاوەن پرسە بۆ مەلاژن.

١٦.سەرجەم مەلاژنەکان لە بەرامبەر گێرانی هەر پرسەیەک کە لە نێوان ٢-٣ڕۆژە (٢٠٠)دۆلار تا (٣٠٠٠) دۆلاریان وەرگرتووە.

١٧. ئەوەندی کاریگەری نەرێنیان هەیە لە رووی ئایینی و کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئابووری، کەمتر کاریگەری ئەرێبیان هەیە.

١٨. زۆر لە مەلاژنەکان پەیج و ئەکاونتی تایبەتیان هەیە لە سۆشیاڵ میدیا کە سوودی لیوەردەگرن بۆ راکێشانی خەڵک و کۆکردنەوەی پارەیەکی بێ شوومار.

## ڕاسپاردە:

١.رێککخستن و یەکخستنی ئەو ئامۆژگاری و بابەتە ئایینی و کۆمەڵایەتییانەی کە مەلاژن باسی لێوە دەکەن لە لایەن وەزارەتی ئەوقافی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٢.کردنەوەی وۆرکشۆپ و خولی فێربوون بۆ مەلاژنەکان لە رووی ئاشتی کۆمەڵایەتی، لێبوردەیی، پێکەوە ژیان و ئینتیمای نیشتمانی.

**٣.** جەختکردنەوە لە باسکردنی ئەو فەرموودانەی کە خزمەت بە کۆمەڵگای کوردستانی دەکەن.

## پێشنیاز:

تاکە پێشنیاز ئەوەیە کە چاودێریکردنێکی وردی ڕێوڕەسمی پرسەی ژنان بکرێت لە هەردوو ڕووی (ماددی و ئایینی) و ئەو بابەتانەی لەلایەن مەلاژنانەوە باسی لێوەدەکرێ.

## سەرچاوەکان:

١.هەژار، هەنبانە بۆرینە، فرهنگ کردی-فارسی، چاپخانەی سروش، چاپی هەشتەم،تاران، ساڵی٢٠١٢(١٣٩١).
٢.جبار، نادیە ولی، پرسەی ژنان (توێژینەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆژییە لەشاری هەولێر) ٢٠١٦.

٣. عبيدات، ذوقان و د. سهيلة ابو السميد،(البحث العلمي- البحث النوعي والبحث الكمي دار الفكر للطباعةوالنشر والتوزيع، عمان، الاردن، ٢٠٠٢.

٤. الاصفر و العقيبة،(٢٠٠٧)، المعاني الاجتماعية للتقاليد المرتبطة بظاهرة الموت وعاداته، "-دراسة انثروبولوجية اجتماعية ميدانية في مدينة بانياس وريفها، مجلة جامعة دمشق_ المجلد ٢٣_ العدد الثاني.

5.Ciedielska, Malgoezata, Katarzyna W. Boström, and Magnus Öhlander, Observation Methods Northumbria university, United Kingdom 2018).

6.Ciesielska, M, D. Jemielniak (eds.), Qualitative Methodologies in Organization Studies, © Te Author(s) 2018. https://doi.org/10.1007/978-3-319-65442-3_2

7.HAVILAND, WILLIAM A, HARALD E. L. PRINS, DANA WALRATH and BUNNY MCBRIDE, Anthropology the human challenge, Cengage Learning; 12 editions ,2008.

8.Margaret R. Roller, Ethnography & the observation Method-15 articles on design implementation, & uses, the contents of this compilation include a selection of 15 articles appearing in Research Design Review from 2013 to 2021 concerning ethnography and the observation method. Excerpts and links may be used, provided that the proper citation is given.2022.

سەرچاوەی دیکە:

١.ئیبراهیم، ڕێزان علی، پسپۆری دەروونی ، زانکۆی سەلاحەددین /کۆلێژی ئاداب/بەشی دەروونناسی.

٢.خضر، مەولود پسپۆری توفسیر و قورئان / شەریعەتناسی/ وتاربێژی مزگەوتی ئاڵتون لە شاری هەولێر.

٣. شوانی، محەمەد، پسپۆری ئەنترۆپۆلۆژی زانکۆی سەلاحەددین/ کۆلێژی ئاداب /بەشی کۆمەڵناسی.

٤. مەلا ئەحمەد، فوئاد، سەرۆکی کۆمەڵەی قورئان خوێنانی کوردستان/ وەزارەتی ئاوقافی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

------------------------------------------------------------

# The Role of The Melajin in The Funeral Ceremony

**Sharmen Wali ali**
Department of Social Work, college of Arts, university Salahaddin, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
sharmen.ali@su.edu.krd

***Keywords***: *Mullah, Ritual, Funeral, Role of Melajin, Funeral in Erbil*

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## Abstract

This research seeks to present the role of melajin (woman mulla) in funeral ceremonies in Erbil in the social, psychological, religious and economic fields. The research focuses on the perception of these ceremonies by Kurdish society in general and in Erbil in particular as a social and cultural phenomenon. The research also seeks to present the positive and negative roles of melajin attending funerals, and her impact on these ceremonies. The research problem: women's funerals are one of the most important ceremonies in Kurdish society; differences in funeral practices have direct and indirect effects on both the participants and the mourning families. There are few women's funerals in which the melajins do not play influential roles, although the coronavirus pandemic has largely reduced the number of funerals.

The aim of the study is to know the status of the melajin, the need for her presence, her influence and duty in funerals, and to determine the importance that melajins have in women's funerals. The research methodology is ethnographic and the data collection tools include observation, participatory observation and interviews. The research group includes melajin in the center of Erbil, and purpose sampling consisting of melajin and a group of women's funeral participants, along with several experts in different fields. Results of the research: In the past, there was an “elegy reader” that used to lament the dead person in the mourning ceremonies of women, but now the melajin conducts the funerals. The melajin has a social role. Because of his recitation of the Qur'an at the funeral, the food and drinks served to her are considered sacred by some of the funeral participants. The presence of melajin at funerals is like a profession through which they earn their livelihood and material needs. Psychologically, melajin and experts have opposite views on the need for melajins at funerals. Religiously, despite the recitation of the Qur'an and hadiths, religious experts believe that it is not permissible and contrary to Shari'ah. Finally, most melajin have their own accounts on social networks and post their activities.

## الخلاصة

يرمي هذا البحث الى عرض دور الملا في مراسم عزاء النساء في مدينة أربيل في المجال الاجتماعى، النفسي، الديني و الاقتصادي.أهمية هذا البحث تكمن في الاهتمام الذي يوليه المجتمع الكوردي عامة ومدينة أربيل بشكل

خاص بهذه المراسم كظاهرة اجتماعية وثقافية. كما يحاول البحث عرض الواقع والدور الايجابي والسلبي للملا وضرورة حضورها، مع تأثيرها في مراسم عزاء النساء. وفيما يخص مشكلة البحث، فتعزية النساء هي من احدى المراسم التي تحضى باهتمام في المجتمع الكوردي، ويؤثر التباين في كيفية اجراء مراسم العزاء بشكل مباشر وغير مباشر على المشاركين وصاحب العزاء، وقليلا ما نجد مراسم عزاء للنساء ولا تلعب فيها الملا دورا مؤثرا. ان هدف البحث هو معرفة شخصية "الملا" وضرورة حضورها، مع تأثيرها ووضيفتها في مراسم العزاء، كما يهدف الى تحديد الاضافة التي تحدثها الملا في حضورها تعزية النساء، وذلك بالرغم من تأثير جائحة كورونا في تحديد اقامة مراسم العزاء.

اعتمد البحث على المنهج الاثنوغرافي ووسائل جمع المعلومات كالملاحظة والملاحظة بالمشاركة والمقابلة. ويتكون مجتمع البحث من الملا في مركز مدينة أربيل، عينة البحث قصدية وتتكون من الملا ومجموعة من مشاركات تعزية النساء مع مجموعة من الخبراء والمختصين في مجالات مختلفة.

نتائج البحث: في السابق كانت هناك "المرثية" التي تتقن الرثاء على الاموات في عزاء النساء، أما الآن فالملا هي التي تدير مراسم العزاء. للملا دور و مكانة اجتماعيتين، وبسبب تلاوتها للقرآن الكريم في مراسم العزاء ينظر من قبل قسم من مشاركات العزاء حتى الى المأكولات والمشروبات التي توضع أمامها نظرة تقديس.

إن حظور الملا في مراسم العزاء هو بمثابة مهنة تمتهنها وتكسب من خلالها مكاسب مادية. أما من الناحية النفسية فتتناقض آراء الملالي مع آراء المختصين النفسيين حول أهيمية حضورها، ومن الناحية الدينية وبالرغم من تلاوتهن للقرآن الكريم والأحاديث النبوية، يرى الخبراء في المجال الديني أنها ظاهرة غير جائزة حسب الشريعة الاسلامية بل هي بالضد مما جاء به الشرع.

وأخيرا، ان معظم الملالي تمتلك حسابات ومواقع خاصة في شبكة التواصل الاجتماعي، لنشر نشاطاتهن.